
وەزارەتی پەروەردە
Ministry of Education

# بەرەو ئایندەیەکی گەش

## پەروەردە و فێرکردن
## لە کابینەی شەشەمی حکومەتی
## هەرێمی کوردستاندا



# بەرەو ئایندەیەکی گەش

پەروەردە و فێرکردن

لە کابینەی شە...

هەرێ... ...ومەتی




Ministry of Education
Kurdistan Regional Government - Iraq
Erbil
www.moe- krg.com


شەهاب
2012

## حکومەتی هەرێمی کوردستان

## وەزارەتی پەروەردە

# بەرەو ئایندەیەکی گەش

## پەروەردە و فێرکردن

## لەکابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا


## ٢٩ - ١٠ - ٢٠٠٩ تا ٢٥ - ٣ - ٢٠١٢

**پەروەردە و فێرکردن**
**لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

ئامادەکردنی: کاوە عمر ، ئیسماعیل بەرزنجی، دلێر ئیبراهیم
فۆتۆ: هەژار نانەکەلی، شێرزاد رەسوول
بەدواداچوون: عەبدوڵلا عومەر، ریکان کەمال، نایف رەئوف
نەخشەسازی: کۆچەر ئەنودر نایف
تیراژ: (١٠٠٠) دانـــە

چاپ: چاپخانەی شەهاب ـ هەولێر
چاپی یەکەم ـ ٢٠١٢

## پێشەکی:



پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی بەردەوامە، ئەمسالْ زیاتر لە یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار قوتابی و خوێندکار لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا روویان لە پۆلەکانی خوێندن کرد، وەزارەتی پەروەردە بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو توانایەکی خۆی خستۆتەگەڕ لەپێناو بەرەو پێشبردنی پرۆسەکەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان، مایەی دڵخۆشییە لە روانگەی هەڵمەتی نیشتمانی دروستکردنی ناوەندەکانی خوێندن، بەردی بناغەی دروستکردنی چەندین خوێندنگە بەنوێترین دیزاینی هاوچەرخ دانراوە، چەندان خولی جیاجیا بە بەردەوامی بۆ مامۆستایان دەکرێنەوە، ئەمانە هەمووی مژدەبەخشن بەڵام نابێت ئەوەش بشارینەوە کە هێشتا کۆسپ و تەگەرەی زۆرمان لە بەردەم دایەو دەبێت هەوڵی چارەسەرکردنیان بدەین، لەم کتێبەدا بەشێك لە گرنگترین کاروچالاکییەکانی وەزارەتی پەروەردە خراوەتە بەرچاوی خوێنەرانی ئازیز.. بێگومان ئەوەی نوێ پێویستی بە پەروەردەیەك هەیە کە سەردەمیانە بێت و گیانی تەبایی و خۆشەویستی و لێبووردەیی قووڵتر بکاتەوە، بێگومانم مامۆستا دڵسۆزەکانی ئێمە لەم رووەوە درێغی ناکەن.

ئاشکرایە، هیچ گەل و وڵاتێك تا سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروست و سەردەمیانەی نەبێت پێش ناکەوێت، بۆیە هەر لەم روانگەیەوە سیستەمی نوێی پەروەردەو فێرکردن و فەلسەفەی هاوچەرخانەی وەزارەتی پەروەردە، دوای کۆنگرەی پەروەردەیی بەهاری ساڵی ٢٠٠٧، کەوتە بواری جێبەجێکرنەوەو ئاکامەکانیشی جێگای دڵخۆشی هەموولایەك بوو.


لێرەشەوە، داوا لە مامۆستایانی نەوەی دوارۆژ دەکەم، هەروەك چۆن لە رابردوودا نموونەی لەخۆبوردەیی و داینەمۆی گۆڕانکارییەکان بوون، ئاواش لە پیادەکردنی ئەم سیستەمە نوێیەدا ئەو بەرپرسیاریەتییە مێژووییەی سەرشانیان جێبەجێ بکەن... هەموو هەوڵ و کۆششێکیان بخەنەکار بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، بێگومان هەر چاوەڕێی ئەوەشیان لێ دەکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین قوتابیان و خوێندکاران بەشێوەیەکی زانستی و سەردەمیانە و دوور لە هەموو توندوتیژیەك پەروەردە بکەین و پەرە بەبەهرەو تواناکانیان بدەین، تا لە دوارۆژدا تاکێکی بەسوودو تەندروستیان لێ دەربچێت لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا. ئێوە پەروەردەکاری نەوەکانی دوارۆژن و، بەهۆی ئەمەکداری و دڵسوزیتان شوێن پەنجەی خۆتان لەسەر ئەم نەوەیە دادەنێن، ئەمەش ئەمانەتێکی قوورسە لەسەر شانتان و، ناتوانن بەبێ دڵسوزی و لەخۆبووردەیی هەڵی بگرن.

وڵاتانی جیهان لەسەردەمی ئەمرۆماندا، ئەوەندەی شانازی بەسەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەیی دەکەن، ئەوەندە شانازی بەسەرکەوتنی لایەنە ماددییەکانی تری ژیان ناکەن، چونکە ئاسۆی گەشی کۆمەڵگە لە پەروەردەیەکی بەهێز و تۆکمەو سەرکەوتوانە دایەو تەواوی سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونەکانی کۆمەڵ لە پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمیانە سەرچاوەدەگرێت.

**سەفین موحسین دزەیی**

**وەزیری پەروەردە ١٨ - ٣ - ٢٠١٢**

# هێلکاری وەزارەتی پەروەردە




## هێلکاری پەروەردەکان:

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و پەروەردەی قەزاکانی هەرێمی کوردستان**

| بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی دهۆک | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان | پەروەردە لە ناوچە ئازاد کراوەکان |
|---|---|---|---|---|
| ب.پ هەولێر | ب.پ.سلێمانی | ب.پ.دهۆک | ب.پ.کفری | بەشی خوێندنی کوردی لە دووزخورماتوو |
| ب.پ. خەبات | ب.پ.شارەزوور | ب.پ.سمێل | ب.پ.خانەقین | بەشی خوێندنی کوردی لە کەرکوک |
| ب.پ. دەشتی هەولێر | ب.پ.شارباژێر | ب.پ.ئاکرێ | | |
| ب.پ. شەقڵاوە | ب.پ.ڕانیە | ب.پ.شێخان | | |
| ب.پ. مەخمور | ب.پ.سەید صادق | ب.پ.بەردەرەش | | |
| ب.پ. سۆران | ب.پ.هەڵەبجە | ب.پ.زاخۆ | | |
| ب.پ. مێرگەسور | ب.پ.پێنجوێن | ب.پ.تلکیف | | |
| ب.پ. چۆمان | ب.پ.دوکان | ب.پ.شنگال | | |
| ب.پ. ڕەواندوز | ب.پ.دەربەندیخان | ب.پ.ئامێدی | | |
| ب.پ. کۆیە | ب.پ.پشدەر | ب.پ.زمار | | |
| | ب.پ.چەمچەماڵ | | | |

## ئاستەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان



## بەرەو پێشچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان:

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی کابینەی شەشەم هەڵساوە بە جێ بەجێ کردنی چەند پلان و کارێکی گرنگ بەئامانجی بەرەوپێشبردنی رەوتی پەروەردە و فێرکردن گرنگترینیان ئەمانەن:

## پلاندانان:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای دەست بەکاربوونی کابینەی شەشەم یاداشتنامەیەکی لەیەکگەیشتنیان لەگەل دامەزراوەی (RAND)ی ئەمریکی ئیمزاکردووە بۆ پێداچوونەوە بەبوارەکانی پەروەردەو کارگێری و دارایی و تەندروستی بەمەبەستی ئەکتیڤکردنیان.
شایانی باسە دوای دووساڵ کارکردن لە بواری پەروەردە لە هەرێمی کوردستان دامەزراوەی (RAND)ی ئەمریکی کارەکانی خۆی تەواو کرد بە هاوکاری وەزارەتی پەروەردە، دواتر دوای دەست نیشان کردنی هەموو گرفتەکان پێشنیارەکانی خۆی پێشکەش بە وەزارەتی پەروەردە کرد بەمەبەستی دۆزینەوەی رێگەچارەی گونجاو بۆیان، ئێستاش وەزارەتی پەروەردە سەرگەرمی دانانی پلانێکی ستراتیژی درێژخایانە لە ژێر رۆشنایی پێشنیارەکانی دامەزراوەی (RAND)ی ئەمریکی.

٢-نوێ کردنەوەی کەرتی گشتی لە عێراق و هەرێمی کوردستان (کەرتی پەروەردە):
وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، وەکو لایەنێکی سەرەکی بەشداری لە بەرنامەی (نوێکردنەوەی کەرتی گشتی پەروەردەیی لە عیراقدا) کردووە، کە بەرنامەیەکی هاوبەشە لەنێوان هەردوو رێکخراوی یونسکو و یونسێف و حکوومەتی عیراقداو یەکێتی ئەورووپیش تێچووەکانی دابین دەکات. لەلایەن حکوومەتی عیراقەوە چوار لێژنەی پێوەندیدار تێدا بەشداربوونە، کە نوێنەرایەتی وەزارەتی پەروەردەو وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ناوەندو هەرێم دەکەن.
ئەم بەرنامەیە لە دوو لایەنی سەرەکی پێکهاتووە، کە پێداچوونەوەی وەزیفی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانە. هەر یەکێکیشیان لە چەند تەوەرێك پێك دێت و بەشێوەیەکی زانستی لە بوارەکانی

پەروەردەو فێرکردن دەکۆڵنەوەو لە جێبەجێکردنیشیاندا پشتیان بە ڕاپرسییەکی تۆکمە بەستووە، کە تیمێکی پسپۆر فۆرمەکانی بۆ داناوەو هەموو لایەنە پێوەندیدارەکانی پەروەردەیش بەشدارییان لە پڕکردنەوەیاندا کردووە. بەهەمان شێوە لە شیکردنەوەی زانیارییەکانیشدا شارەزایانی نێودەوڵەتیی سەر بە هەردوو ڕێکخراوەی یونسکوو یونسێف لەگەڵ شارەزایانی پەروەردەیی لە هەر چوار وەزارەتی پێوەندیدارو لە چەندین وۆرکشۆپی هاوبەشدا گەیشتوونەتە چەند ئەنجامی گرنگ و بە داتاو تێبینییەکانیانەوە لە نێو ڕاپۆرتێکی (١٦) تەوەریدا خراوەتە بەردەستی هەر چوار ئەنجوومەنی وەزارەتەکان. تەوەرەکانیش بریتی بوون لە: سیاسەتە پەروەردییەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنی پلانە پەروەردەییەکان، دابینکردنی سەرچاوە مرۆیی و مادییەکان بەپێی پێویستی هەردوو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، دانان و پەرەسەندنی پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ هەموو قۆناغەکانی فێرکردن گشتی، ئامادەکردن و ڕاهێنان و مەشقپێکردنی کارمەندانی کەرتی پەروەردەیی، پەروەردەی تایبەت و خزمەتگوزارییەکانی سەرپەرشتیاری و ڕابەرایەتیی پەروەردەیی، بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان و کاروبارەکانی کارگێڕی و یاسایی و دارایی، هاوکاری و پێوەندییە گشتییەکان، هەڵسەنگاندنی تواناکان لە دەزگەکانی وەزارەتی پەروەردەو کارمەندەکانی، فێرکردنی ئەهلی و تایبەت، بەڕێوەبردنی کاروباری فێرکردن و ڕاهێنانی پیشەیی، سیاسەتی فێرکردنی باڵا، دڵنیایی فێرکردنی باڵا، بەڕێوەبردنی کاروباری فێرکردن و ڕاهێنانی تەکنۆلۆژی، کارگێڕی پەروەردەیی لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە لە پارێزگەکان، پێداچوونەوەی وەزیفی بۆ کارگێڕی دەزگەکانی فێرکردنی باڵا، پێداچوونەوەی وەزیفی بۆ کارگێڕی دەزگەکانی دەستەی فێرکردنی تەکنۆلۆژی.

دوای پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکە، ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە، بە پێشنیارو تێبینییەکانیان دەوڵەمەندتر کردو گەیشتە شێوازی کۆتایی و بۆ لێژنەی هاوبەش بەرزکراوەتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ڕەشنووسی هەر سێ وەزارەتەکەی دیکە ڕێك بخرێت. لەدوای یەکخستنی ڕەشنووسی ڕاپۆرتە پێشنیارکراوەکانی هەرچوار وەزارەت. ڕاپۆرتێکی پەسەندکراو ئامادەکراو لە ڕێورەسمێکی شایستەدا هەرچوار وەزیرە پێوەندارەکان ڕاپۆرتە کۆتاییەکەی ئەم بەرنامەیەیان ئیمزا کردو لەمیانی ئەم ساڵدا (٢٠١٢) ئامادەباشی بۆ ڕاگەیاندن و چۆنیەتی پراکتیزەکردنی دەکرێت بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا بکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە.

United Nations
Educational, Scientific and
Cultural Organization

unicef
United Nations Children's Fund

٣- ستراتیژیەتی نیشتمانی پەروەردە و فێركردنی بالا لە عێراق و هەرێمی كوردستان:

بەو شێوەیەی كە تەماشای سەرچاوە مرۆییەكان دەكرێت كە فاكتەری سەرەكی بنیاتنان لە هەموو بوارەكاندا دەنوێنن و وەبەرهێنان لەم بوارەدا بە بناغەی بارگەلی راچەنین و پێشكەوتن و پەرەسەندن دادەنرێت، بۆیە ئەو ئەركەی كەرتی پەروەردە وفێركردنی بالا بەرێوەی دەبات تارادەیەكی زۆر گرنگە، ئەویش لەبەر گرنگی رۆلی ئەم كەرتە لە رووی دابینكردنی مەعریفەت و بە دەنگەوەچوونی پێداویستیە ناوخۆیی و نێودەولەتیەكان لە هێزە كارەكان لەسێبەری هەرەشە سیاسی و ئابووری و كۆمەلایەتی و تەكنیكیە جۆراو جۆرەكاندا.

لە ژیانی هاوچەرخماندا پلاندانانی ستراتیجی زۆر گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان لەبەر ئەوەی روانین و بۆچوون و ئامانجەكان پێشكەش دەكا كە هیوای ئێمەیە لە ئایندەدا.

بۆیە لە حكومەتی ناوەندی عێراقیش بریاردرا لێژنەیەكی بالا پێك بهێنرێت بە سەرۆكایەتی یاریدەدەری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدرال و ئەندامیەتی بەرێزان وەزیرانی خوێندنی بالا و توێژینەوەی زانستی و وەزیرانی پەروەردە لە حكومەتی فێدرال و حكومەتی هەرێم و وەزیری پلان دانان و وەزیری دارایی حكومەتی فێدرال چەند راوێژكارێكی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و بەرێزان سەرۆكی لێژنەی پەروەردە و خوێندنی بالا لە ئەنجومەنی نیشتمانی عیراق ، بۆ دانانی پلانێكی ستراتیجی درێژخایەن بۆ پەروەردە و فێركردن لە عێراق و هەرێمی كوردستان كە لە سالی ٢٠١١ دەست پیٚ دەكات تاكو سالی ٢٠٢٠ دەبیٚ هەموو ئامانجەكان هاتبێتەدی.

سەرەرای لێژنەی بالا هەریەك لە لێژنەی راوێژكار و شارەزایان و چەند لێژنەی هونەری پێك هات بۆ مەبەستی سەرەوە.

لەسەرەتای دەست بەكاربوونی لێژنەی بالا تاكو ئێستا زیاتر لە (٥٠) كۆبوونەوە و كۆر بەستراوە، چەندین شاندێك سەفەری دەرەوەی ولاتیان كردووە، وە ئێستا رەشنووسەكە ئامادەكراوە بۆ ئەوەی پێشكەش بە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدرال بكرێت بۆ پەسند كردنی، وە ئەم پلانە لەشەش بەش پێك دێت.

تیٚ بینی/ئەم پرۆژەیە لە سەردەمی كابینەی پێنچەم دەست بەكاربووە بەلام زۆربەی كارەكانی لە كابینەی شەشەم تەواو كراوە.

## ٤- نەهێشتنی نەخوێندەواری:

نەخوێندەوار لەسەر ئاستی جیهاندا بەو شێوەیە پێناسەی بۆ دەكرێت، كە بریتیە لەو كەسانەی توانا و بەهرەی نووسین و خوێندنیان نییە، سەرجەم ولاتانی جیهان بەپێی تواناى دارایی خۆیان و قەبارەی نەخوێندەواری ولاتەكانیان، بایەخ بە پرۆسەی فێركردنی گەوران و نەهێشتنی نەخوێندەواری دەدەن و لە چوارچێوەی هەلمەتی نیشتمانی بەرفراوندا رێگەو شێوازی جۆراوجۆر دەگرنەبەر بۆ هاندانی تاكەكانی كۆمەلّ تاوەكو فێری خوێندەواری ببن و، رێكخراوی كۆمەلّی مەدەنیش كار لەو پێناودا دەكەن و تاكەكانی كۆمەلّ لەسەر گرنگی خوێندن و خوێندنەوە هۆشیار دەكەنەوە، چونكە نەهێشتنی نەخوێندەواری كاكلّەی خوێندنی

بنەرەتیە بۆ هەمووان... خوێندەواری فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ یارمەتیدانی تاك تا بتوانێت زاڵ بێت بەسەر کۆی کێشەکانی ژیانی رۆژانەی لە گشت بوارەکاندا تەندروستی، ئابوری، کۆمەڵایەتی...هتد... تاك بەهۆی خوێندەواری دەتوانێت گەشە بە توانا جەستەیی و عەقڵییەکانی خۆی بدات. نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٦دا، رێکخراوی پەروەردەو زانست و رۆشنبیری (یۆنسیکۆ)ی دامەزراند، کە لە ساڵی ١٩٤٩ پرسی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورانی کردە دیارترین و بەرچاوترین پرۆژەکانی خۆی و زیاتر لە گشت بوارەکانی تر بایەخی پێدا... لەسەر ئاستی وڵاتانیش نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەوران شوێنێکی دیاری لە کارە لە پێشینەکانی وڵاتان داگیرکرد، هەر ئەو بایەخپێدانەش بوو، بووە هۆکاری دابەزینی رێژەی نەخوێندەواری لە نێو دانیشتووانی جیهان لە ٥١٪ لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ رێژەی ٢٠٪ لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا، بەڵام سەرکەوتنی ئەو ژمارەیە لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان بەشێوەیەکی یەکسان بەدی نەهاتووە، بەڵکو رێژەکە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازی هەیەبۆنموونە لە (بۆرکینافاسۆ) رێژەی خوێندەواری ٢٣,٦٪ ـــە، ئەوەش ئەو راستیە دەردەخات کە تا ئێستا رێژەی نەخوێندەواری لە زۆرێك لە وڵاتان بەرزە، بەتایبەت لە نێو ئافرەتان، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری ئەوەی کە نەتەوەیەکگرتووەکان چەندین کۆنگرەی نێودەوڵەتی بەرێوەببات و ئەندامانی پابەند بکات بەدابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن و نووسین و رەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ منداڵان تا بەخۆڕایی و تەوزیمی بخوێنن و هەلی یەکسانی خوێندن لەنێوان ژنان و پیاوان بە تەواوەتی برخسێنن.. بێگومان هەرێمی کوردستانیش بەدەر نەبووە لەو هەڵمەتە جیهانییە کە لە ساڵی ١٩٤٩ دەستی پێکرد، بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر رزگاریان بووە لە نەخوێندەواری و فێری خوێندن و نووسین بوون و بەشێکیان توانیان قۆناغەکانی دیکەی خوێندن تەواو بکەن، بەڵام بەهۆی رووداوەکانی مێژووی هاوچەرخی عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەو ناخۆشیانەی دووچاری گەلانی عێراق هاتەوە، نەخوێندەواری وەك دیاردە بوونی هەبووە، فەلسەفەی فێربوون بۆ هەمووان و فێربوونی بەردەوام، بناغەی فێربوونی نانیزامییەو بەتەواوکاری فێرکردنی ئاسایی و فەرمی دادەنرێت و توخمێکی سەرەکیە لە کارلێکی گەشەسەندن و ئیستیدامەو پێشکەوتنی هزرو بیر، هەروەك پەیوەستە بەنەشونمای تاکەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی تواناکانی بەرهەمهێنان و بەشداربوونی کارای تاکەکان لە گۆڕانکاری و وەچەرخانە کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانی ...هتد.. دوای راپەرینی مەزنی ئاداری ساڵی ١٩٩١ و پێکهێنانی یەکەمین کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بایەخێکی بەرچاو بەلایەنی پەروەردەو خوێندن دراوە، لەو کاتەدا بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری چەند قوتابخانەیەکی خێرا بۆ فێرکردنی مەزنان کرایەوە، نزیکەی دوو هەزار قوتابی لە خۆگرتبوو، بەڵام بەهۆی ئابلۆقەی ئابووری دوولایەنەو چەند فاکتەرێکی تر، ژمارەی نەخوێندەواران رووی لە زیادبوون کرد، تا گەیشتە ئەو ئاستەی کە بەرزترین رێژەی نەخوێندەواری لە پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانی لە هەرێمی کوردستان، لەسەر ئاستی عێراق تۆمار بکرێت کە رێژەکەی "٣٧٪، ... بوونی ئەو رێژە زۆرەی نەخوێندەواری لە کوردستان وای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە لە چوارچێوەی گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو پەیرەوکردنی فەلسەفەی خوێندن بۆ

هەمووان پلانەكانى بەو ئاراستەيە چڕ بكاتەوە بۆ رزگاركردنى گەوران و هەرزەكاران لە نەخوێندەوارى ، بەهۆيەوە سالآنە هەزاران قوتابى بەسالآچوو روويان لەو بنكانە كرد كە بۆ فێركردنى گەوران لەسەرتاسەرى كوردستان كرانەوە، بەشێوەيەك ژمارەى ئەو بنكانەى لە سالّى خوێندنى ٢٠٠٨-٢٠٠٩ كرانەوە گەيشتە ٧٦ بنكە، ئەو كەسانەشى روويان لەو بنكانە كرد ژمارەيان گەيشتە ٦١٤٢ قوتابى نێرو ٤٠٨٩ قوتابى مێ، بەسيستەمى نوێى خوێندن و ئاشنا دەكرێن بەخوێندن و نووسين و بژمێرە و تائەمڕۆش ئەو پرۆسەييە درێژەى هەيەو لەگەشەسەندندايە لە سالّى ٢٠١٠-٢٠١١ ژمارەى بنكەكان گەيشتە ٤٢٤ بنكە، ئەو كەسانەشى روويان لەو بنكانە كرد ژمارەيان گەيشتە ٨٣٤٥ قوتابى نێرو ١٠٩٩٠ قوتابى مێ ، كردنەوەى ئەو بنكانە بۆتە هۆكارى دابەزينى رێژەى نەخوێندەوارى لە كوردستان بۆ ١٥٪ ، هەروەها وەزارەتى پەروەردە پلانێكى دارڕتوە بۆ ئەوەى لە سالّى ٢٠١٥ رێژەى نەخوێندەوارى لە كوردستان بۆ كەمتر لە ٧٪ داببەزێت.



ديمەنى يەكێك لە بنكەكانى نەهێشتنى نەخوێندەوارى ئافرەتان



وێنەی یەکێك لە پۆلەکانی قوتابخانەکانی خوێندنی خێرایی تێکەڵاو

٥- پرۆژەی بەرەوپێشبردنی تواناکان لە قوتابخانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کە لە لایەن ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بەریتانی بە هاریکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف و بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی عێراق و وەزارەتی پەروەردە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت.

ئەم پرۆژەیە لە سەردەمی کابینەی پێنجەم لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠٠٧ لە ئەنجامی یاداشتی لە یەك گەیشتن لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی ڕاوێژکاری بەریتانی واژوو کردووە بەڵام دەست پێ کردنی پرۆژەکە بە فەرمی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/١٢/١٣ لە هەولێر بوو بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردەی لە بەغدا و لیژنەکانی پرۆژەکەو نوێنەرانی هەریەك لە یونیسێف و ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی.

ئامانج لەم پرۆژەیە بەرەو پێشبردن و بەرزکردنەوەی ئاستی فێرکردن و فێربوون لە قوتابخانەکانی عێراق، دانانی پێوەری پەروەردەیی تایبەت بە (مامۆستا، بەڕێوەبەر، قوتابخانە، سەرپەرشتیار).

## گرنگی پرۆژەكە لە چەند دێڕێكدا:-

١- پرۆژەیەكی گشتگرە واتە گشت پێك هاتەكانی پەروەردە لە فێركردن و فێربوون لە خۆدەگرێت، وەكو (دانانی پێوەر بۆ مامۆستا، بەرێوەبەر، قوتابخانە، سەرپەرشتیار)، (فێربوون و فێركردن)، (ڕابەرایەتی بەرێوەبردن)

٢- درێژخایەنە.

٣- لەلایەن ڕاوێژكارانی نێودەوڵەتی خاوەن ئەزموون لە لایەك وە بە بەشداری كەسانی بە تواناو شارەزای خۆمان بەرێوەدەچێت.

٤- بابەتی پرۆژەكە لە گشت دەرەنجامەكان لە لایەن كەسانی خۆمانەوە ئامادەكراوە بە هاریكاری ئەنجومەنی ڕۆشنبیری بەریتانی بە شێوەیەك كە بگونجێت لەگەڵ داب و نەریت و كەلتوری خۆمان نەوەك كۆپیەكی بێگانە بێت.

## جێبەجێكردنی پرۆژەكە:

* ئەنجامدانی دوو وۆرك شۆپ لە بەریتانیا لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئەنجامدا دوو شوێن دیاری كرا كە بەشێوەیەكی ئەزمونی پرۆژەكەی تیادا ئەنجام بدرێت ئەوانیش بریتی بوون لە شاری كۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر تایبەت بە كوردستان و ناوچەی كەرخی سێ یەم لە بەغدا بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق.

* لە ٢٠٠٩/١٢/١٣ بە ئامادەبوونی كۆمەڵێك بەشداربوو لە وەزارەتی پەروەردە لە كوردستان و لە بەغداو هەروەها نوێنەرانی بریتش كانسڵ و یونیسێف پرۆژەكە بەشێوەیەكی فەرمی لە شاری هەولێر كرایەوە.

* لە ٢٠١٠/٢/١٤ بە گوێرەی فەرمانێكی وەزاری پێنج لیژنە پێك هێنرا لەسەر ئاستی وەزارەت و بەرێوەبەریەتیەكان كە پێك هاتبوو لە (٢٧) ئەندام بۆ جێ بە جێ كردنی پرۆژەكە.

* لە ٢٠١٠/٢/٢١ دەست كرا بە ئەنجام دانی ۆرك شۆپەكان كە كۆمەڵێك ڕاوێژكاری نێودەوڵەتی بەریتانی پێ هەڵدەستان بەبەشداری كۆمەڵێك بەشداربووی پەروەردەی كۆیە كە پێكهاتبوون لە سەرپەرشتیارو بەرێوەبەرو مامۆستا.

* پرۆژەكە لە چوار دەرەنجامی سەرەكی پێكهاتبوو كە گشت لایەنەكانی تایبەت بە پەروەردەی لە خۆگرتبوو ، ئەوانیش بریتی بوون لە:

١- پێوەری پەروەردەیی تایبەت بە (مامۆستا، بەرێوەبەر، قوتابخانە، سەرپەرشتیار).

دوای زیاتر لە ١٨ مانگ كاركردن كە تیایدا ، چوار ۆرك شۆپ ئەنجام درا بە سەرپەرشتی ڕاوێژكاری نێو دەوڵەتی بە ئامادەبوونی (١١ بەشداربوو – ٦ لە كوردستان و ٥ لە بەغدا)، سوود لە ئەزموونی زۆربەی وڵاتانی جیهان وەرگیرا هەروەها سەردانی مەیدانی وڵاتی لوبنان كراو، زیاتر لە ٢٥ كۆبوونەوەی لەسەر كرا بۆ پوختە كردنی لایەنی زمانەوانی واتایی، سێ جارو لە سێ كاتی جیا فۆرمی ڕاپرسی دابەش كرا بەسەر (سەرپەرشتیارو بەرێوەبەرو مامۆستایانی سنووری پەروەردەی كۆیە، لەگەڵ سوود وەرگرتن لە ڕاوو بۆچونی (ب. گ. وەزارەتی پەروەردەو مامۆستایانی كۆلیژی پەروەردە لە زانكۆی كۆیە و صلاح الدین)، دوای پوختە

كردنی ڕاپۆرتی كۆتایی ، لە مانگی ٧ی ٢٠١١ لە لایەن وەزیری پەروەردە ڕاستاندنی بۆ كرا بۆ جێبەجێ كردنی.

٢- فێركردن و فێربوون

دوای ئەنجامدانی، دوو وۆركشۆپ بۆ (٣٠ بەشداربوو لە مامۆستاو بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار لە پەروەردەی كۆیە) بەسەرپەرشتی ڕاوێژكارانی نێو دەوڵەتی ئەنجام دانی (١٧) كۆبوونەوە، لە ئەنجامدا (٢٤ ڕاهێنەری باڵا ئامادەكرا بۆ كردنەوەی خول بۆ سەرپەرشتیارو بەڕێوەبەرو مامۆستا)، لە ٢٠١٠/١٠/٢ دەست كرا بە كرنەوەی خولەكان.

٣- ڕابەرایەتی و بەڕێوەبردن

دوای ئەنجام دانی دوو ۆركشۆپ بۆ (٣٠ بەشداربوو لە (بەڕێوەبەرو یاریدەدەری بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیار) لە پەروەردەی كۆیە) ، ئەنجامدانی (٦) كۆبوونەوە ، لە ئەنجامدا (٢١ ڕاهێنەری باڵا ئامادەكرا بۆ كردنەوەی خول، لە ٢٠١١/٤/٤ دەست كرا بە كرنەوەی خولەكان.

٤- ڕاهێنانی سەرپەرشتیاران

دوای ئەنجام دانی دوو وۆركشۆپ بۆ (٤٢ سەرپەرشتیار لە پەروەردەی كۆیە) بەسەرپەرشتی ڕاوێژكارانی نێودەوڵەتی بە بەشداری كۆمەڵێك كەسانی تر لە وەزارەتی پەروەردە ئامانج لە ۆرك شۆپەكە چۆنیەتی جێ بە جێ كردنی پرۆژەكە و شێوازی نوێ لە هەڵسەنگاندن.

* لە ٢٠١١/٤/١٧ ، ۆرك شۆپێك ئەنجام درا بە سەرپەرشتی ڕاوێژكارانی نێودەوڵەتی بە ئامادەبوونی ٦ سەرپەرشتیار لە پەروەردەی كۆیە، وەكو ڕاهێنەری باڵا بۆ وتنەوەی خولی تایبەت بە ڕۆڵی بەڕێوەبەر وەك سەرپەرشتیاری جێگیر (مشرف مقیم) لە قوتابخانە.

* دوای سەركەوتنی پرۆژەكە لە هەردوو شوێنی ئەزموونی لە كۆیەو كەرخی سێ یەم، پرۆژەكە لە بەرواری ٢٠١١/٩/٢٨ بە سپۆنسەری یەكێتی ئەوروپاو یونیسێف فراوان كرا بۆ كۆمەڵێك شوێنی تر لە شارەكانی كوردستان و ناوەڕاست و خوراووی عێراق بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا لە سەرتاسەری عێراق جێ بە جێ بكرێت و بەردەوام دەبێت تاكو ساڵی ٢٠١٤.




دیمەنێك لە وۆركشۆپێكی راهێنانی پەروەردەیی

BRITISH COUNCIL

**٦- پرۆگرامەکان:**

لە چالاکیە هەرە گرنگ و دڵخۆشکەرەکانی وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان کە لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان رۆشنایی دیت کە لە دوارۆژدا دەبێتە مۆمێك بۆ رووناککردنەوەی رێگەی راستی پەروەردە و پرۆسەی فێربوون و فێرکردن ئەمانەی خوارەوەن کە بە وێنەی ناونیشان دەیخەینە بەردەست خوێنەران...

١- بە هاوکاری رێکخراوی یۆنسیکۆ و ئۆفیسی پەروەردەی نێودەوڵەتی لە وڵاتی سویسراو ئەرك و ماندووبوونی لیژنەی تەکنیکی لە وەزارەتی پەروەردەی عیراق و هەرێمی کوردستان کە خۆی لە ئەندامێتی راوێژکارانی وەزارەتی پەروەردە لە هەردوو وەزارەت و بەڕێوەبەرانی گشتی پرۆگرامەکان و بەشداربوونی دەیان شارەزا لە هەردوو لا بۆ یەکەم جار لە ئاستی عیراق و ناوچەکە و دوای زیاتر لە ٩٠ ساڵ رەشنووسی (پرۆژەی دانانی پێوەری جیهانی و نێودەولەتی بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن لە عیراق و هەرێمی کوردستان) (معايير الإطار العام للمناهج العراقية في بغداد و إقليم كوردستان) بە بەشداریکردنێکی فراوانی چەندین شارەزای پەروەردەیی لە وڵاتانی ( ئەمریکا و بەریتانیا و سویسرا و رۆمانیا و ئوسترالیا و ئوردن و لوبنان...هتد) دەبینیەوە , هەروەها ئەنجامدانی چەندین ۆرك شۆپ بۆ ئەم بەرنامەیە کە لە وڵاتانی ئوردن و قەتەر و سوێسرا و هەولێری پایتەختی حکومەتی کوردستان کە دوا ۆرك شۆپ لە رۆژانی ٣٠ شرینی دووەم تا ١٠ ی کانونی یەکەم ٢٠١١ لە وڵاتی سوێسرا و بە ئامادەبوونی هەردوو بەڕێزان وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدرال هاتە ئەنجامدان رەزامەندی کۆتایی لە سەر رەشنووسی ئەم پرۆژە پەروەردەییە پر بایەخە درا و لە ماوەیەکی نزیکی داهاتوو بە هەر سێ زمانی (ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی) دێتە چاپکردن و دەکەوێتە بەردەست سەرجەم خەڵکی کوردستان کە لە رێگەیەوە پێوەری جیهانی لە دانانی پرۆگرام و ئەدای مامۆستا و سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەری سەرکەوتو و کتێبی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و دواتر راهێنانی مامۆستایان دەبێتە تەواوکەری ئەم پرۆژەیە و بۆمان روونبدەبێتەوە ئایا تا چەند ئێمە سەرکەوتین لە پەرەدان بە پرۆگرامەکان و سیستەمی ئەزموونەکان لە کوردستان لەم کاروانە گرنگە ئێمە لە کوێین.




٢- هەر دیسان و لە تەواوکەری ئەم پرۆژە نێودەوڵەتیە پڕبایەخەوە بۆ یەکەم جار لە ئاست عێراق سەنتەری نیشتیمانی بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن (المركز الوطني للمناهج العراقية ) لە ماوەیەکی نزیك دێتە جێبەجێکردن کە سەنتەری سەرەکی لە بەغدا دەبێت و لقی یەکەمی پێشکەوتووی لە کوردستان دەبێت کە لە ڕێگەی ئەم سەنتەرەوە دەیان کادیری پێشکەوتوو لە هەردوو وەزارەت لە کەسانی شارەزا و پڕ ئەزموون و هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز لە بواری پرۆگرامەکان ئەندامێتی دەکەن کە پلەکەی خۆی لە دەستەی نیشتیمانی لە بەرەو پێشبردنی پرۆگرامەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە ڕووناکی بە خۆوە دەبینێت.

٣- وە لەمیانی ئەم پرۆژە پەروەردەییە گرنگە کە گوژمەی تێچوو و خەرجیەکانی جێبەجێکردنی لە ئەستۆی خانمی یەکەمی وڵاتی قەتەرە، بەرنامەی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕاهێنانی مامۆستایان و کادیرانی پەروەردەیی دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی تری تەواوکەر بۆ ئەم پرۆسەیە.

٤- بۆ یەکەمجار لە عێراق و دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ٢٠٠٣ وە بەهاوکاری و هەماهەنگی ڕێکخراوی (UNDP) و بەشداریکردنی چالاکانەی نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆژەی دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە بابەتی (إدخال مفاهيم النزاهة و مكافحة الفساد في المناهج الدراسية)و دانانی ڕێبەرێکی تایبەت و کاغەزی کار بۆ ئەم بابەتانە لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن کە لە ڕۆژانی ٢٥ ی کانونی دووەم تا ٤ی مانگی شوبات خولی ڕاهێنان بۆ ٢٥ سەرپەرشتیار و مامۆستای بنەڕەتی وە هەروەها ٢٥ سەرپەرشتیار و مامۆستای ئامادەیی بە سەرپەرشتی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان و پەیمانگاکان و مەشقکردن هاتە ئەنجامدان. بەئومێدی ئەوەی ئەم سەرپەرشتیار و مامۆستا ڕاهێنراوانە سەرجەم مامۆستایانی تر لە سەر ئەم بابەتە گرنگە مەشق پێبکەن.

٥- چاپکردنی نامیلکەو کتێبی بەرنامەی فێرکاریە سەرباربیەکان بەسەرپەرشتی و تێچووی خەرجی لە لایەن ڕێکخراوی یونیسیف و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی پەروەردەی قەڵادزێ کە بە هۆی تۆپبارانکردنی ناوچەکە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە ماڵ و شوێنی خۆیان جێهێشتبوو هەروەها بۆ مامۆستایانی قوتابخانەی هاموون لە کۆیە و شلاما واتە ئاشتی لە هەولێر عەنکاوە کە زۆربەی ئەو قوتابیانەن لە بەر خراپی بارودۆخی ناوچەکانی تری عێراق ماڵ و شوێنی خۆیان جێهێشتووە بۆ ئەوەی ساڵی خوێندنیان بە فیڕۆ نەچێت کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر باش و دەستخۆشکەرانەی لێکەوتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان. ئەو بابەتانەی کە کتێبی تایبەتی بۆ ئامادەو چاپکرابوو (زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و بیرکاری و زانستەکان) بوو کە لیژنەیەك لە ب.گ. پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەدەی حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان بۆ عیراق و کوردستان هاتبوە دانان و ئامادەکردن.

# ئامارە پەروەردەییەکان

## ١ـ ژمارەی قوتابخانە ـ خوێندنگە :


| پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی (قوتابخانەکان-خوێندنگاکان لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| بۆسالی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ | | | | | |
| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | پارێزگای سلێمانی | پارێزگای دهۆک | ئیدارەی گەرمیان | کۆی گشتی |
| | ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان |
| باخچەی ساوایان | 111 | 92 | 27 | 11 | 241 |
| بنەرەتی | 1564 | 1336 | 1301 | 267 | 4468 |
| ئامادەیی | 283 | 214 | 165 | 32 | 694 |
| پیشەیەکان | 10 | 16 | 5 | 1 | 32 |
| پەیمانگاکان | 8 | 8 | 6 | 4 | 26 |
| فێرکردنی خێرا | 27 | 10 | 16 | 20 | 73 |
| کۆی گشتی | 2003 | 1676 | 1520 | 335 | 5534 |

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( قوتابخانەکان- خوێندنگاکان ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان
بۆسالی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢

| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | پارێزگای سلیمانی | پارێزگای دهوك | ئیدارەی گەرمیان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان |
| باخچەی ساوایان | 153 | 154 | 37 | 12 | 356 |
| بنەرەتی | 1626 | 1424 | 1300 | 248 | 4598 |
| ئامادەیی | 329 | 270 | 179 | 38 | 816 |
| پیشەیەکان | 12 | 14 | 5 | 1 | 32 |
| پەیمانگاکان | 9 | 8 | 7 | 4 | 28 |
| فێرکردنی خێرا | 32 | 20 | 24 | 15 | 91 |
| کۆی گشتی | 2161 | 1890 | 1552 | 318 | 5921 |

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( قوتابخانەکان- خوێندنگاکان ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان
بۆسالی خوێندنی ١٩٩٠- ١٩٩١

| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | پارێزگای سلیمانی | پارێزگای دهوك | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان |
| باخچەی ساوایان | 35 | 16 | 10 | 61 |
| سەرەتایی | 487 | 283 | 129 | 899 |
| دواناوەندییەکان | 137 | 109 | 54 | 300 |
| پیشەیەکان | 13 | 18 | 6 | 37 |
| پەیمانگاکان | 3 | 3 | 2 | 8 |
| نەوجوانان | 6 | 0 | 9 | 15 |
| کۆی گشتی | 681 | 429 | 210 | 1320 |




## ٢ـ قوتابی – خوێندکار:


| پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( قوتابیان- خوێندکاران ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆسالی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠ | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | | پارێزگای سلێمانی | | پارێزگای دهوك | | ئیدارەی گەرمیان | | کۆی گشتی | |
| | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | |
| | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان |
| باخچەی ساوایان | 8395 | 8368 | 6176 | 6288 | 2859 | 2673 | 1304 | 1158 | 18734 | 18487 |
| | 16763 | | 12464 | | 5532 | | 2462 | | 37221 | |
| بنەڕەتی | 212104 | 176079 | 181000 | 160263 | 185144 | 159867 | 27462 | 24862 | 605710 | 521071 |
| | 388183 | | 341263 | | 345011 | | 52324 | | 1126781 | |
| ئامادەیی | 41602 | 33773 | 35545 | 35447 | 27712 | 24929 | 4482 | 5120 | 109341 | 99269 |
| | 75375 | | 70992 | | 52641 | | 9602 | | 208610 | |
| پیشەیەکان | 928 | 471 | 1868 | 1833 | 450 | 587 | 110 | 60 | 3356 | 2951 |
| | 1399 | | 3701 | | 1037 | | 170 | | 6307 | |
| پەیمانگاکان | 1536 | 831 | 1461 | 935 | 921 | 612 | 357 | 326 | 4275 | 2704 |
| | 2367 | | 2396 | | 1533 | | 683 | | 6979 | |
| فێرکردنی خێرا | 2682 | 2389 | 670 | 517 | 1915 | 618 | 875 | 565 | 6142 | 4089 |
| | 5071 | | 1187 | | 2533 | | 1440 | | 10231 | |
| کۆی گشتی | 267247 | 221911 | 226720 | 205283 | 219001 | 189286 | 34590 | 32091 | 747558 | 648571 |
| | 489158 | | 432003 | | 408287 | | 66681 | | 1396129 | |

**پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( قوتابیان-خوێندکاران ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان**

**بۆسالی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢**

| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | | پارێزگای سلێمانی | | پارێزگای دهۆک | | ئیدارەی گەرمیان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران | |
| | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان | کوران | کچان |
| باخچەی ساوایان | 12063 | 12463 | 9723 | 9866 | 4120 | 3957 | 1660 | 1632 | 27566 | 27918 |
| | 24526 | | 19589 | | 8077 | | 3292 | | 55484 | |
| بنەرەتی | 211666 | 183557 | 189136 | 170567 | 193626 | 164282 | 26462 | 24509 | 620890 | 542915 |
| | 395223 | | 359703 | | 357908 | | 50971 | | 1163805 | |
| ئامادەیی | 49059 | 41116 | 46997 | 48400 | 33301 | 29391 | 6362 | 7208 | 135719 | 126115 |
| | 90175 | | 95397 | | 62692 | | 13570 | | 261834 | |
| پیشەیەکان | 1464 | 913 | 2727 | 1898 | 790 | 559 | 168 | 148 | 5149 | 3518 |
| | 2377 | | 4625 | | 1349 | | 316 | | 8667 | |
| پەیمانگاکان | 1400 | 985 | 1234 | 962 | 1025 | 801 | 481 | 451 | 4140 | 3199 |
| | 2385 | | 2196 | | 1826 | | 932 | | 7339 | |
| فێرکردنی خێرا | 4010 | 3794 | 1465 | 1577 | 2356 | 915 | 828 | 516 | 8659 | 6802 |
| | 7804 | | 3042 | | 3271 | | 1344 | | 15461 | |
| کۆی گشتی | 279662 | 242828 | 251282 | 233270 | 235218 | 199905 | 35961 | 34464 | 802123 | 710467 |
| | 522490 | | 484552 | | 435123 | | 70425 | | 1512590 | |

| پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی (قوتابیان- خوێندکاران) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بۆسالی خوێندنی ١٩٩٠- ١٩٩١ | | | | | | | | |
| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | | پارێزگای سلێمانی | | پارێزگای دهۆک | | کۆی گشتی | |
| | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | | ژمارەی قوتابیان- خوێندکاران | |
| | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان | کوڕان | کچان |
| باخچەی ساوایان | 1352 | 1292 | 720 | 734 | 284 | 206 | 2356 | 2232 |
| | 2644 | | 1454 | | 490 | | 4588 | |
| سەرەتایی | 94679 | 60878 | 110756 | 75888 | 42251 | 30978 | 247686 | 167744 |
| | 155557 | | 186644 | | 73229 | | 415430 | |
| ناوەندییەکان | 24064 | 11976 | 29067 | 17951 | 8463 | 5521 | 61594 | 35448 |
| | 36040 | | 47018 | | 13984 | | 97042 | |
| پیشەییەکان | 3175 | 1031 | 2492 | 990 | 1410 | 249 | 7077 | 2270 |
| | 4206 | | 3482 | | 1659 | | 9347 | |
| پەیمانگاکان | 986 | 1559 | 1102 | 1648 | 497 | 922 | 2585 | 4129 |
| | 2545 | | 2750 | | 1419 | | 6714 | |
| نەوجوانان | 606 | 73 | 0 | 0 | 578 | 585 | 1184 | 658 |
| | 679 | | 0 | | 1163 | | 1842 | |
| کۆی گشتی | 124862 | 76809 | 144137 | 97211 | 53483 | 38461 | 322482 | 212481 |
| | 201671 | | 241348 | | 91944 | | 534963 | |



**٣ـ مامۆستا :**

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( مامۆستایان ) لەسەر ئاستی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان

بۆساڵی خوێندنی ٢٠٠٩-٢٠١٠

| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | | پارێزگای سلێمانی | | پارێزگای دهوك | | ئیدارەی گەرمیان | | كۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 39 | 1041 | 77 | 1008 | 11 | 395 | 0 | 151 | 127 | 2595 |
| | 1080 | | 1085 | | 406 | | 151 | | 2722 | |
| بنەرەتی | 9533 | 13613 | 10279 | 14962 | 9074 | 9170 | 2175 | 2119 | 31061 | 39864 |
| | 23146 | | 25241 | | 18244 | | 4294 | | 70925 | |
| ئامادەیی | 2274 | 2749 | 2051 | 2096 | 1697 | 997 | 430 | 257 | 6452 | 6099 |
| | 5023 | | 4147 | | 2694 | | 687 | | 12551 | |
| پیشەیەكان | 301 | 196 | 270 | 333 | 85 | 47 | 21 | 2 | 677 | 578 |
| | 497 | | 603 | | 132 | | 23 | | 1255 | |
| پەیمانگاكان | 176 | 97 | 163 | 102 | 112 | 63 | 76 | 29 | 527 | 291 |
| | 273 | | 265 | | 175 | | 105 | | 818 | |
| فێركردنی خێرا | 224 | 94 | 65 | 63 | 91 | 35 | 54 | 54 | 434 | 246 |
| | 318 | | 128 | | 126 | | 108 | | 680 | |
| كۆی گشتی | 12547 | 17790 | 12905 | 18564 | 11070 | 10707 | 2756 | 2612 | 39278 | 49673 |
| | 30337 | | 31469 | | 21777 | | 5368 | | 88951 | |

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( مامۆستایان ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان


بۆ سالی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢

| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | | پارێزگای سلێمانی | | پارێزگای دهۆک | | ئیدارەی گەرمیان | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 14 | 1248 | 116 | 1352 | 19 | 524 | 0 | 195 | 149 | 3319 |
| کۆ | 1262 | | 1468 | | 543 | | 195 | | 3468 | |
| بنەرەتی | 9951 | 14073 | 11484 | 17632 | 9805 | 10119 | 2215 | 2180 | 33455 | 44004 |
| کۆ | 24024 | | 29116 | | 19924 | | 4395 | | 77459 | |
| ئامادەیی | 2647 | 3309 | 2595 | 2368 | 1951 | 1274 | 584 | 347 | 7777 | 7298 |
| کۆ | 5956 | | 4963 | | 3225 | | 931 | | 15075 | |
| پیشەیەکان | 312 | 196 | 350 | 377 | 80 | 42 | 21 | 2 | 763 | 617 |
| کۆ | 508 | | 727 | | 122 | | 23 | | 1380 | |
| پەیمانگاکان | 197 | 119 | 168 | 116 | 137 | 81 | 69 | 28 | 571 | 344 |
| کۆ | 316 | | 284 | | 218 | | 97 | | 915 | |
| فێرکردنی خێرا | 253 | 155 | 123 | 113 | 117 | 74 | 71 | 50 | 564 | 392 |
| کۆ | 408 | | 236 | | 191 | | 121 | | 956 | |
| کۆی گشتی | 13374 | 19100 | 14836 | 21958 | 12109 | 12114 | 2960 | 2802 | 43279 | 55974 |
| کۆ | 32474 | | 36794 | | 24223 | | 5762 | | 99253 | |

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( مامۆستایان ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

بۆسالی خوێندنی ١٩٩٠-١٩٩١

| قۆناغی خوێندن | پارێزگای هەولێر | | پارێزگای سلێمانی | | پارێزگای دهۆک | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 0 | 308 | 0 | 90 | 0 | 42 | 0 | 440 |
| | 308 | | 90 | | 42 | | 440 | |
| سەرەتایی | 2213 | 5004 | 1675 | 4141 | 853 | 1663 | 4741 | 10808 |
| | 7217 | | 5816 | | 2516 | | 15549 | |
| دواناوەندییەکان | 750 | 1244 | 497 | 799 | 370 | 370 | 1617 | 2413 |
| | 1994 | | 1296 | | 740 | | 4030 | |
| پیشەیەکان | 294 | 195 | 251 | 173 | 89 | 40 | 634 | 408 |
| | 489 | | 424 | | 129 | | 1042 | |
| پەیمانگاکان | 71 | 51 | 43 | 43 | 28 | 28 | 142 | 122 |
| | 122 | | 86 | | 56 | | 264 | |
| نەوجوانان | 38 | 9 | 0 | 0 | 10 | 7 | 48 | 16 |
| | 47 | | 0 | | 17 | | 64 | |
| کۆی گشتی | 3366 | 6811 | 2466 | 5246 | 1350 | 2150 | 7182 | 14207 |
| | 10177 | | 7712 | | 3500 | | 21389 | |



## ٤ـ ئاماری مامەڵەکان:

### خشتەی ژمارەی ئەو مامەڵانەی لە ساڵی (٢٠٠٩) ئەنجام دراون

| ژ | شوێن | ژمارەی نووسراوەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 5911 | |
| ٢ | هەولێر | 16765 | |
| ٣ | سلێمانی | 21563 | |
| ٤ | گەرمیان | 9467 | |
| ٥ | دهۆک | 14265 | |
| ٦ | خ. کوردی لە کەرکوک | 3190 | |
| | کۆی گشتی | 71161 | |

### خشتەی ژمارەی ئەو مامەڵانەی لە ساڵی (٢٠١٠) ئەنجام دراون

| ژ | شوێن | ژمارەی نووسراوەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 36857 | |
| ٢ | هەولێر | 121368 | |
| ٣ | سلێمانی | 144613 | |
| ٤ | گەرمیان | 23569 | |
| ٥ | دهۆک | 98806 | |
| ٦ | خ. کوردی لە کەرکوک | 17184 | |
| | کۆی گشتی | 442397 | |

### خشتەی ژمارەی ئەو مامەڵانەی لە ساڵی (٢٠١١) ئەنجام دراون

| ژ | شوێن | ژمارەی نووسراوەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 43469 | |
| ٢ | هەولێر | 140235 | |
| ٣ | سلێمانی | 154308 | |
| ٤ | گەرمیان | 24767 | |
| ٥ | دهۆک | 101445 | |
| ٦ | خ. کوردی لە کەرکوک | 18636 | |
| | کۆی گشتی | 482860 | |

**خشتەی ژمارەی ئەو مامەلانەی لە ساڵی (٢٠١٢) ئەنجام دراون**

| ژ | شوێن | ژمارەی نووسراوەکان | تێبینی |
|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 8114 | |
| ٢ | هەولێر | 23468 | |
| ٣ | سلێمانی | 34621 | |
| ٤ | گەرمیان | 9234 | |
| ٥ | دهۆك | 19453 | |
| ٦ | خ. کوردی لە کەرکوك | 5802 | |
| | کۆی گشتی | 94890 | |

**تێبینی:**

١-ئاماری ساڵی (٢٠٠٩) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو مامەلانەی لە (١-١١-٢٠٠٩) ئەنجامدراون.

٢- ئاماری ساڵی (٢٠١٢) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو مامەلانەی تا (١-٣-٢٠١٢) ئەنجامدراون.

**تەکنولوژیای زانیاری:**

تائێستا پرۆسەی فێرکردن لە ناوەندەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان لە پۆلەکانی خوێندن ئەنجام دەدرێت، بە پلەی یەکەم پشت بە مامۆستا دەبەسترێت وەکو سەرچاوەی سەرەکی زانیاریەکان، هەروەها پشت بە چەند هۆیەکی فێرکردنی کلاسیکی تر دەبەسترێت وەکو کاغەز و تەختەرەش و پێنووس و پەرتووك، بەلأم تەکنۆلوژیای زانیاری تا رادەیەك بوونی نیە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەمەبەستی چارەسەرکردن و بەرەو پێش بردنی پرۆسەی فێرکردن بە سوود وەرگرتن لە تەکنولوژیای زانیاری لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندن وەزارەتی پەروەردە پلانێکی دارێژراوی هەیە بۆ ئەم مەبەستە، ئەم کارەکانە چەند نموونەیەکی ئەم پلانە دارێژراوەیە:

* دانانی پلانی ٥ ساڵ بەمەبەستی دابین کردنی کەلوپەلی زانیاری تەکنۆلۆژی بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان.

* ئیمزاکردنی گرێبەستێك لەگەڵ دەزگای Golf computer certification GCC بەمەبەتسی دانانی هۆڵی کۆمپیوتەری وەزارەت بە هۆڵێکی نێوەدەولەتی بۆ پێدانی بروانامەی ICDL.

* کردنەوەی خولی کۆمپیوتەر بۆ وەرگرتنی بروانامەیICDL Start بۆ ٢٥٠ مامۆستای ئامادەیی.

* ئیمزاکردنی یاداشتی لە یەککەیشتن لەگەڵ کۆمپانیای Creat LJ بۆ داخل کردنی تەکنەلۆژیای زانیاری بۆ ناو سیستەمی خوێندن.

*دروست و نۆژەن كردنەوەی چەند هۆڵی كۆمپیوتەر لە قوتابخانە و خوێندنگاكان، لەگەڵ دابینكردنی بڕی زیاتر لە (٥٠٠٠) هەزار كومپیوتەر لەگەڵ دابین كردنی چەندین پرینتەر و داتاشو كورسی ومێزی كومپیوتەر.

* دانانی سیستەمی كۆمپیوتەری HP Multisite كە نوێترین سیستەمە بۆ بەكارهێنانی كۆمپیوتەر لە ناو هۆبەی خوێندن بێت.

* دروستكردنی web mail ی وەزارەت لە ژێر ناونیشانی www.moe-krg.org .

## یەكسانی لە نێوان رەگەزی نێر و مێ:

یەكێكی تر لە كارە هەرە گرنگەكانی تری وەزارەتی پەروەردە ئەوە بوو كە یەكسانی دروست بكات لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، بۆ ئەوەی هەردوو رەگەزەكە سوودمەندبن لە پرۆسەی پەروەردەو فێركردن، بە تایبەتی كەم كردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەی لە نێوان قوتابی كور و كچ، و مامۆستایانی نێر و مێ هەبوو بەر لە دروست بوونی حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەم خشتانەی خوارەوە بەڵگەی ئەم كارە گرنگەی وەزارەتی پەروەردەیە.

**خشتەی ژمارەی قوتابیان - مامۆستایان لە ساڵی خوێندنی (1990-1991)**

| ژ | بابەت | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | قوتابی | 322482 | 212481 | 534963 |
| | | | | |
| 2 | مامۆستا | 7182 | 14207 | 21389 |
| | | | | |

**خشتەی ژمارەی قوتابیان - مامۆستایان لە ساڵی خوێندنی (2011-2012)**

| ژ | بابەت | ژمارەی نێر | ژمارەی مێ | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | قوتابی | 802123 | 710467 | 1512590 |
| | | | | |
| 2 | مامۆستا | 43279 | 55974 | 99253 |
| | | | | |



هەر لە درێژەی كارەكانی وەزارەتی بە مەبەستی یەكسانی لە نێوان هەردوو رەگەزی نێر و مێ، وەزارەتی پەروەردە لەسەر دەمی كابینەی شەشەم چەندین وورك شوپ و خول و چالاكی ئەنجام داوە، هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردە بەشداری چەندین چالاكی و خولیان كردووە بە هاوكاری ئەنجومەنی بالای خانمان و رێكخراوە ناوخۆی و جیهانی.

١- دانانی پرۆگرامی مافی منداڵ و،یەكسانی جەندەری لە ناو پرۆگرامەكانی خوێندن بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان. ٢٠١١ –٢٠١٢.

٢–ئەنجامدانی سیمینارێك دەربارەی یەكسانی جەندەر بۆ ٥٠ بەرێوەبەرو مامۆستا و رابەری كۆمەلآیەتی لە بەرواری٢٠– ٢١/ ١٢/ ٢٠١١.

٣–بەشداریكردن لە بەرنامەی یەكسانی رەگەز و توانا سازی ئافرەت لەلایەن رێكخراوی ( UNFPA) بەمەبەستی پاڵپشتكردنی بریاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە ١٣٢٥ لە ١٣–١٤/٥/٢٠١١.

٤– بەشداریكردنی نوێنەری وەزارەتی پەروەردە لە خولی راهێنان مافی مرۆڤ بەرەو یەكسانی جێندەر لە وڵاتی سوید لەلایەن ریكخراوی سیدا لە بەرواری ٢٥/٩–٢٠/١٠/٢٠١٠.

**ئە نجومەنی وەزارەت:**

بۆ باشتر كردنی كارەكانی دام و دەزگاكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە و ناوەندەكانی خوێندن ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە كەوا سەرۆكایەتی دەكرێت لە لایەن وەزیری پەروەردە و ئەندامێتی گشت

راوێژكارەكانى وەزارەت و بەرێوەبەرە گشتيەكانى ديوانى وەزارەت و پەروەردە گشتيەكانى پارێزگاكان و بڕياردەرى ئەنجومەن لە ماوەى زياتر لە دوو ساڵ (١٣٠) بڕيارى گرنگى دەركردووە، ئەمانەى خوارەوە تەنها چەند بڕيارێكن وەك نموونە:



وێنەى يەكێك لە كۆبوونەوەكانى ئەنجومەنى وەزارەت

١- بە مەبەستى دانانى كەسانى شارەزا بە بەرێوەبەرى قوتابخانەكان وەزارەتى پەروەردە بڕيارى داوە لە سەرەتاى مانگى تەمموزى ساڵى ٢٠١٢ بە گوێرەى چەند پێوەرێك هەروەك لە بەندى (١٦) سيستەمى قوتابخانە بنەرەتى و، بەندى (١٢)ى قوتابخانە ئامادەييەكان ئاماژەى پێ كراوە بەرێوەبەر بۆ قوتابخانەكان دابنرێت.

٢- ديارى كردنى رۆژێك پێش پشووى بەهارەى قوتابخانەكان، بە رۆژى جل و بەرگى نەتەوەى لەسەرجەم ناوەندەكانى خوێندن و دام و دەزگاكانى سە بە وەزارەتى پەروەردە.

٣- چارەسەركردنى ئاسەوارى دوو ئيدارەيى لەسەرجەم پارێزگاكانى هەرێمى كوردستان.

٤- جێ گۆرينى چەند بەرێوەبەرى پەروەردەيەك لە سنوورى پارێزگاى سلێمانى بۆ ماوەى يەك وەرزى خوێندن بەمەبەستى سوود وەرگرتن لە ئەزموونى يەكتر وەكو تاقيكردنەوە.

٥- بەيەك دەوام كردنى گشت ئامادەييەكان لە هەرێمى كوردستان لەگەڵ زياد كردنى كاتژمێرەكانى خوێندن.

٦- ديارى كردنى رێكەوتى (١٧-١٢) هەموو ساڵێك بە رۆژى بەرزكردنەوەى ئالأى شكۆدارى كوردستان لە سەرجەم قوتابخانە و بەرێوەبەرايەتييەكانى پەروەردەى هەرێم، ئاماژە بە رێكەوتى ١٩٤٥/١٢/١٧ لە گۆرەپانى چوار چرا بەدەستى پێشەوا قازى محەمەد بۆ يەكەم جار ئالأى كوردستان بەرزكرايەوە.



خشتەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزارەت بە گوێرەی ساڵەکان

| ژ | ساڵ | ژمارەی بڕیارەکان |
|---|---|---|
| ١ | 2010 | 64 |
| ٢ | 2011 | 58 |
| ٣ | 2012 | 8 |
| کۆی گشتی | | 130 |

**تێبینی: بڕیارەکانی ساڵی (٢٠١٢) تەنها مانگی (١ ـ ٢ ـ ٣) دەگرێتەوە.**






فیستیڤاڵی پێکەوەژیانی لە ئاکرێ ٢٠١٢

## بڕیارە گرنگەکان:

### ١- دەرماڵەیەك بە بڕی (١٥٠) هەزار دینار:

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی مامۆستایان و فەرمانبەران حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرۆکایەتی حکومەت هەرێمی کوردستان بڕیاری خەرج کردنی دەرماڵەیەك بە بڕی (١٥٠) هەزار دینار مانگانە بۆ گشت مامۆستا و فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە دەرکرد لە رێکەوتی (١٦-١١-٢٠١١)



### ٢- زیاد کردنی کرێ وانەبێژی

دوای پێشنیارو هەوڵ و کۆششی وەزارەتی پەروەردە، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا کرێی وانەبێژی مامۆستایانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە زیاد بکرێت. رۆژی ٢٠١١/٢/٢٢ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەت و بەئامادەبوونی بەڕێز ئازاد بەرواری جێگری سەرۆکی حکومەت و بەئامادەبوونی وەزیرە بەڕێزەکان کۆبووەوە. لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاردرا پارەی وانەبێژی بۆ مامۆستایان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا زیاد بکرێت... بەگوێرەی بڕیارەکەی ئەنجومەنی وەزیران، سەبارەت بەوەزارەتی پەروەردە دوای زیادکردنەکە، بەمشێوەیە کرێی وانەبێژی خەرج دەکرێت: بۆ دکتۆرا ٨٠٠٠ دینار، ماستەر ٦٠٠٠ دینار، دبلۆمی باڵا ٤٥٠٠ دینار بۆ دووساڵە، ٤٠٠٠ دینار بۆ یەکساڵە، بەکالۆریۆس ٣٥٠٠ دینارو دبلۆمیش ٢٥٠٠ دینار دەبێت... شایانی باسە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لە روانگەی بایەخدان بە ژیان و گوزەرانی مامۆستایان چەندینجار پێشنیاری زیادکردنی کرێی وانەبێژی کردەووە، جێگەی دەستخۆشییە کە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان ئەم بڕیارەی لە بەرژەوەندی مامۆستایاندا پەسندکرد.



**٣ـ یەكسانكردنی مووچەی مامۆستایان لە سنووری هەردوو ئیدارەی سلێمانی و ئیدارەی هەولێری پێشوو.**

لە كاتی دوو ئیدارەی حكومەت جیاوازیەك دروست بوو لە نێوان مووچەی مامۆستایانی ئیدارەی هەولێر و ئیدارەی سلێمانی پێشوو بۆیە وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكان توانی بە بڕیارێك چارەسەری ئەم جیاوازیە بكرێت.

**٤-كرینی كەلوپەل بە بڕی ١٢٠٠٠٠٠٠ ملیۆن دولار**

بۆ پڕكردنەوەی ئەو كەم و كوڕیانەی لە قوتابخانەكان هەبوو لە كەل وپەل دوا بە سوپاسەوە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەدەر لە بودجەی وەزارەتی پەروەردە بڕی زیاتر لە 12.000.000 ملیون دولاری بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان كرد بۆ چارەسەری كەم وكوڕیەكان.

**٥-دامەزراندنی هەموو دەرچووانی كومەڵناسی و دەروونزانی وەك توێژەری كۆمەلایەتی**

توێژەری كۆمەڵایەتی و دەروونی:

لەگەڵ دەستپێكردنی سیستمی نوێی خوێندن گرنگی و بایەخی توێژەرانی كۆمەڵایەتی زیاتر بووەو دەرچووانی دەروونناسی و كۆمەڵناسی رۆڵێكی گرنگ دەبینن لە چارەسەركردنی گرفت و كێشەكانی پرۆسەی پەروەردە لە ناوەندەكانی خوێندن ئەمەش گرنگترین كارو چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی توێژەرانی دەروونی و كۆمەڵایەتییە لە وەزارەتی پەروەردە:

١ـ دامەزراندن و گۆرینی ناونیشان و گواستنەوەی راژە لە وەزارەتەكانی تر هەرێمی كوردستان.

| ژ | بابەت | هەولێر | دهۆك | گەرمیان | سلێمانی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراندن | 263 | 27 | 46 | 163 | 499 |
| ٢ | گۆرینی ناونیشان | 41 | 30 | 9 | 25 | 105 |
| ٣ | گواستنەوەی راژە | 11 | 1 | 1 | 2 | 15 |
| | كۆی گشتی | 315 | 58 | 56 | 190 | 619 |

٢ـ كردنەوەی چەندین خولی راهێنان بۆ توێژەرانی كۆمەلایەتی سەرجەم پارێزگاكان هەرێمی كوردستان.

٣ـ ئەنجامدانی چەندین راپرسی لەسەر رەوشی خوێندن بە هاوكاری رێكخراوەكانی UN و NGO ەكان.

٤ـ كاراكردن و جێبەجی كردنی پرۆژەی (هێلی فریاكەوتنی مندالآن)بە هاوكاری تیمی توێژەرانی كۆمەلایەتی.


**٦ـ هەڵمەتی نیشتمانی دروست كردنی قوتابخانە :**

بۆ چارەسەر كردنی كێشەی كەمی بینای قوتابخانەكان لە هەرێمی كوردستان پەرلەمانی كوردستان بە سوپاسەوە بۆ هەردوو ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ لە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بری ١٥٠ ملیار دیناری عێراقی بە دەر لە بودجەی تەرخان كراوە بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان دەكات بۆ دروستكردنی بینای قوتابخانە



## ٧- پرۆژەی هاوبەش لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت :

بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لە هەرێمی کوردستان و سوود وەرگرتن لە شارەزایی کومپانیا پەروەردەییە جیهانیەکان وەزارەتی پەروەردە گرێ بەستی بەرێوەبردنی چوار قوتـــابخانە بە سیستەمی سابیسی نیو دەولـــەتی لەگەل کۆمپانیای سابیس ئەنجامداوە، ئەمەش بە گوێرەی پلانێکی کارکردنی وەزارەتی پەروەردە بۆ کردنەوەی چەندین قوتابخانەی نیو دەولەتی بە زمانی ئینگلیزی لە ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان بە سیستەمی هاوبەش لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی ، وە ئەم سیستەمە لە زۆربەی وولاتانی جیهان ئێستا پەیرەو دەکرێت بۆ بەرەو پێش بردنی کەرتی گشتی، لەگەل دەستپێکی سالّی نویّ خوێندنی (٢٠١٢- ٢٠١٣) ژمارەی قوتابخانە نێو دەولەتیەکان بە سیستەمی سابیس لە هەرێمی کوردستان دەگاتە (٧) قوتابخانە کە ئەمانەن:



١-قوتابخانەی فاخیرمێرگەسۆری نێو دەولەتی / هەولێر
٢-قوتابخانەی سەروەرانی نێو دەولەتی/ هەولێر
٣-قوتابخانەی سەردەمی نێو دەولەتی/ دهۆك
٤-قوتابخانەی سلێمانی نێو دەولەتی/ سلێمانی
٥-قوتابخانەی کەلاری نێو دەولەتی / گەرمیان
٦-قوتابخانەی زاخۆی نێو دەولەتی / دهۆك
٧-قوتابخانەی سۆرانی نێو دەولەتی / هەولێر



## ٨ـ دروست کردنی گالێری کوچیرا لە پارێزگای هەولێر بۆ کاری دەستی


سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەئامادەبوونی ژمارەیەك لە پەروەردەکاران و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت و نوێنەری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لەگەڕەکی ئازادی شاری هەولێر، بالاخانەی گالێری کۆچیرا و بەشی بەرهەمهێنان بۆ بەشەکانی سیرامیکی گەرم، سیرامیکی سارد، هونەری دارتاشی و هونەری کانزاکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کرایەوە، شایانی باسە وەکو پاڵپشتییەك بۆ پەروەردەی پیشەیی، بەرهەمەکانی ئەم پیشانگایە راستەوخۆ دەفرۆشرێت و بەشێك لە داهاتی بەرهەمە فرۆشراوەکان بۆ قوتابخانەو خوێندنگەکان تەرخان دەکرێت..





## ٩ـ پرۆژەی تواناسازی ( پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان ):

سەرچاوە مرۆییەکان بە بربرەی پشت دادەنرێت بۆ هەموو کارەکان، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی کابینەی شەشەم ٢٤٧ کورسی خوێندن لە دەرەوەی وولات بۆ وەزارەتی پەروەردە تەرخان کردووە بەمەبەستی بە دەست هێنانی بروانامەی (ماستەر – دکتورا).



### ١٠ـ دروست کردنی دارستانی قوتابیان

به سوپاسەوە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەئاوییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پارچە زەویەکی تەرخان کردووە بۆ وەزارەتی پەروەردە لە هەر یەك لە پارێزگاکانی هەولێر — دهۆك — سلێمانی — ئیدارەی گەرمیان بەناوی دارستانی قوتابیان بەمەبەستی بە سەوزایی کردنی کوردستان و بلاْوکردنەوەی کلتوری رواندنی نەمام و پاراستنی لای قوتابیان.


### ١١ـ پرۆژەی خۆراکی قوتا بخانەکان:

لەگەل دەستپێکی ساڵی خوێندنی (٢٠١١ ـ ٢٠١٢) وەزارەتی پەروەردە پرۆژەی خۆراکی قوتابخانەی لە چەند شوێنێکی کوردستان دەستێ پیێ کرد بە هاوکاری رێکخراوی WFP سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان وە لە ئامادەکردنی خۆراکەکاندا رەچاوی ستانداردو پێوەرە جیهانییەکان کراوە.

### ١٢ـ گرنگی دان بە کەرتی تایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن:

وەزارەتی پەروەردە بەردەوام لە هەولدان دایە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کەمی بینا و رەخساندنی هەلی خوێندن بۆ مندالانی هەرێمی کوردستان، بۆیە بە گوێرەی ئەوی پلانەی دایناوە هەولی داوە کەوا سوود لە کەرتی تایبەت وەربگرێت ئەویش بە کردنەوەی چەندین قوتابخانەی تایبەتی ئەهلی بە سیستەمی وەزارەتی پەروەردە بێت یاخود بە سیستەمی انترناشیونال لە ژێر سەرپەرشتی وەزارەتی پەروەردە.





خشتەی ژمارەی قوتا بخانە و قوتابی و مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٠٨-٢٠٠٩ )

| ژ | قۆناغ | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی ساوایان | 44 | 3140 | 120 |
| 2 | قوتابخانە (بنەرەتی + ئامادەیی + پیشەیی + پەیمانگا) | 15 | 3225 | 214 |
| | کۆی گشتی | 59 | 6365 | 334 |

**خشتەی ژمارەی قوتابخانە و قوتابی و مامۆستا بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١١-٢٠١٢)**

| ژ | قۆناغ | ژمارەی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەی ساوایان | ٨٩ | ٥٨٣٧ | ٣٥٩ |
| ٢ | قوتابخانە (بنەرەتی + ئامادەیی + پیشەیی + پەیمانگا) | ٧٦ | ١٢٩٢٧ | ٦٨٧ |
| | کۆی گشتی | ١٦٥ | ١٨٧٦٤ | ١٠٤٦ |

## ١٣- چاپ کردنی پەرتووک:

ساڵانە وەزارەتی پەروەردە سەدان پرۆژەی گرنگ ئەنجام دەدات بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی رەوتی پەروەردە و فێرکردن، یەکێك لەم پرۆژە گرنگانە چاپ کردنی پەرتووکی پرۆگرامەکانی خوێندنە کە خۆی زیاتر لە ٨٠٠ ناونیشانی پەرتووك دەدات، بە زمانەکانی کوردی (بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی ـ بادینانی) + عەرەبی و ئینگلیزی و سریانی و تورکمانی ، زمان و پەروەردەی ئەرمەنی و پەرتووکەکانی ئێزدیاتی بۆ گشت قۆناغەکانی خوێندن (باخچەی ساوایان، بنەرەتی، ئامادەیی ئەکادیمی (زانستی ـ وێژەیی)، ئامادەیی پیشەیی (پیشەسازی ـ بازرگانی ـ کشتوکاڵ)، پەیمانگاکان (هونەرە جوانەکان ـ کومپیوتەر ـ وەرزش )، خوێندنی ئیسلامی.

بەگوێرەی پلانی وەزارەتی پەروەردە ساڵانە بۆ قۆناغی بنەرەتی لە پۆلەکانی (١-٢-٣) رێژەی چاپ کردنی پەرتووك ١٠٠٪ دەبێت، بۆ قۆناغی بنەرەتی لە پۆلەکانی (٤ تا ٩) و قۆناغەکانی تر خوێندن بەم شێوەیە چاپ دەکرێت:

١- ساڵی یەکەم بە رێژەی ١٠٠٪.

٢- ساڵی دووەم بە رێژەی ٥٠٪.

٣- ساڵی سێ یەم بە رێژەی ٧٥٪.

کارەکانی چاپکردنی پەرتووك بە هاوبەشی و هەماهەنگی نێوان گشت لایەنە پەیوەندارەکان لە وەزارەتی ئەنجام دەدرێت.

خشتەی ژمارەی پەرتووکی چاپکراو و گوژمەی خەرج کراو

| ژ | ساڵی خوێندن | ژمارەی پەرتووك | گوژمەی تەرخان کراوە بە دینار |
|---|---|---|---|
| 1 | 2009-2010 | 16.077.950 | 28.632.000.000 |
| 2 | 2010-2011 | 21.417.000 | 43.842.000.000 |
| 3 | 2011-2012 | 16.037.393 | 23.406.475.000 |
| | کۆی گشتی | 53.532.343 | 95.880.475.000 |

## پرۆژە خێرخوازیەكان:

یەكێك لە هۆكارەكانی گەشەی كۆمەڵگا زانستە، وە یەكێك لە دیدەكانی وەزارەتی پەروەردە بریتیە لە گرنگی دان بە زانست، بۆیە وەزارەت لە هەوڵ دایە بۆ بەرەو پێش بردنی بواری پەروەردە لە هەرێمی كوردستان لە رێگای بودجەی حكومەت یاخود هاوكارەكانی رێكخراوە حكومی و ناحكومیەكان ، یاخود كەسانی خێرخواز بێت.

لەگەل دەست بەكاربوونی كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێم چەندین پرۆژەی پەروەردەی خێرخوازی لە هەرێمی كوردستان ئەنجام دراوە:

١- دروست كردنی قوتابخانەیەكی (٦) لە لایەن خێرخواز (حاجی مسعود) لە گوندی كەلەكین سنووری پەروەردەی دەشتی هەولێر .

٢- دروست كردنی قوتابخانەیەكی شەش پۆلی لە گوندی كەورە سۆر لە سنووری پەروەردەی بەردەرەش لە لایەن كومپانیای (UB).

٣- دروست كردنی قوتابخانەیەكی (١٢) پۆلی لە قەزای زاخۆ لە لایەن كۆمپانیای (UB) .



٤- دروست كردنی قوتابخانەیەكی (١٨) پۆلی لە لایەن خێرخوازی كویتی (محمد ناصر) لە سنووری پەروەردەی هەولێر.

٥- دابین كردنی بری (١٥٠) سوپای نەوتی بە بری (٢٥٠٠٠) هەزار دۆلار لە لایەن خێرخواز (جواد القصاب).

٦- دابەش كردنی (٦٠) لاپ تۆپ و (١٠) كامیرا بەسەر قوتابیە یەكەمەكانی شاری هەولێر لە لایەن كۆمپانیای سێنك.

٧- دابەش كردنی بری (٦٠٠٠) هەزار جانتا و سیتی پەراو لە لایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی لەگەل دەست پێكی ساڵەكانی خوێندنی (٢٠١٠-٢٠١١) - (٢٠١١-٢٠١٢) لە قوتابخانەكانی هەرێمی كوردستان.



٨- دابەش كردنی (٤٢٥) بەشە خوراك و جل وبەرگ بە سەر قوتابخانەیەك لە پارێزگای هەولێر لە لایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی.

٩- بەرێز دكتور محمد صدیق خانووی تایبەتی خۆی لە گوندی نۆغران پێشكەش بە وەزارەتی پەروەردەكرد بۆ ئەوەی بكرێت بە قوتابخانەی بۆ مندالانی گوندی نۆغران.



١٠- دروست كردنی قوتابخانەیەكی (١٨) پۆلی لە لایەن وولاتی كویت لە سنووری پەروەردەی هەولێر.

١١- دروست كردنی قوتابخانەیەكی چوار پۆلی لە گوندی بلاغ لە سنووری پەروەردەی هەولێر لە لایەن خێرخواز خاتوو (نارین سعید) بە گوژمەی (٤٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیون دینار.

١٢ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى شەش پۆلى لە گوندى هەلەجەى بچووك لە لايەن خيرخواز دكتور عوسمان.

١٣ـ قوتابخانەيەكى شەش پۆلى لە ژێر دروست كردن دايە لە قەزاى مێرگەسۆر لە لايەن خێرخواز (فارس عبدالله) بە گوژمەى (٢٦٠,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار.

١٤ـ قوتابخانەيەكى شەش پۆلى لە ژێر دروست كردن دايە لە قەزاى مێرگەسۆر لە لايەن خێرخواز (عبدالمناف محمد سليم) بە گوژمەى (٢٠٤,٠٠٠,٠٠٠) مليون دينار.

١٥ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى (٦)پۆلى لە باتوفا لە سنوورى پەروەردەى دهوك لەلايەن كومپانياى (UB).

١٦ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى شەش پۆلى لە قەرەداغ لە لايەن كومپانياى خاوێ.

١٧ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى ١٢ پۆلى لە سنوورى پەروەدەى دەشتى هەولێر لە كومەلگاى شاويس لە لايەن خێرخواز (هێرش تەيار) خاوەنى كومپانياى٧٧.

١٨ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى شەش پۆلى لە هەلەبجەى شەهيد لە لايەن خێرخواز (حاجى محمد بامۆكى).

١٩ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى (١٢) پۆلى لە سنوورى پەروەردەى سلێمانى لە لايەن كومپانياى ميران.

٢٠ـ دروست كردنى قوتابخانەيەكى شەش پۆلى لە سنوورى پەروەردەى سلێمانى لە لايەن كومپانياى كامران.

٢١ـ دروست كردنى دوو باخچەى ساوايان لە سنوورى پەروەردەى سلێمانى لە لايەن خێرخوازێكى خەلكى سلێمانى.

٢٢ـ نۆژەن كردنەوەى دوو قوتابخانە لەگەل دابين كردنى كەل وپەل لە سنورى پەروەردەى هەولێر لە لايەن چەند كەسايەتيەكى ناسراوى كوردستانى باكوور

**پرۆسەى دانانى سەرپەرشتيارى پەروەردەيى:**

بەرێوەبەرايەتى گشتى سەرپەرشتى كردنى پەروەردەيى هەلساوە بە دامەزراندنى سەرپەرشتيار بۆ قۆناغى بنەرەتى و ئامادەيى لە ماوەى كابينەى شەشەم لە رێگاى پرۆسەيەكى چڕو پڕ، وورد، بە دادپەروەرى و شەفافيەت دوور لەهەر دەست تێ وەردانێك. كە بەم شێوەى خوارەوەيە:-

دانانى مەرج و پێوەرەكانى بوون بە سەرپەرشتيار.



سەردانی وەزیری پەروەردە بۆ هۆڵەکانی تاقی کردنەوەی بوون بە سەرپەرشتیار

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی پاڵێوراوان بە گوێرەی ئەم پێوەرانەی خوارەوە :-

(تاقیکردنەوەی بەرایی - پسپۆری - توانستی زمانی ئینگلیزی - توانستی کۆمپیوتەر - چاوپێکەوتن).

ڕاگەیاندنی پلەکان زۆر بەڕاشکاوی شەفافیەت لە گشت ڕاگەیاندنەکان. دانانی پرسیارەکان زۆر بە نهێنی، دابین کردنی هۆڵی تاقیکردنەوەکان، دابینکردنی چاودێران لە سەرپەرشتیاران، دابینکردنی ئەندامانی لێژنەی پشکێنەرانی بۆ تێنووسی تاقیکردرەوەکان کە ناوەکان داخراون و نهێنی کراون زۆر بە ووردی.

بوار ڕەخساوە بۆ پاڵێوراوان پەڵپیان هەیە لە دوای هەر فلتەرێکی تاقیکردنەوەکان

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندنی سەرپەرشتیاران بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەرەتی لە ساڵی (٢٠١٠)**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی بەشداربووان | ژمارەی دەرچووان | ڕێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 288 | 9 | 3.12 |
| ٢ | دهۆك | 113 | 10 | 8.84 |
| ٣ | گەرمیان | 37 | 5 | 13.51 |
| ٤ | سلێمانی | 572 | 49 | 8.56 |
| ٥ | خ. كوردی لە كەركوك | 62 | 4 | 6.45 |
| | كۆی گشتی | 1072 | 77 | 7.18 |

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندنی سەرپەرشتیاران بۆ قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی (٢٠١٠)**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی بەشداربووان | ژمارەی دەرچووان | ڕێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 325 | 13 | 4 |
| ٢ | دهۆك | 79 | 3 | 3.79 |
| ٣ | گەرمیان | 28 | 3 | 10.71 |
| ٤ | سلێمانی | 298 | 16 | 5.36 |
| ٥ | خ. كوردی لە كەركوك | 30 | 0 | 0 |
| ٦ | خانەقین | 4 | 1 | 25 |
| | كۆی گشتی | 764 | 36 | 8.14 |

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندنی سەرپەرشتیاران بۆ قۆناغی باخچەی ساوایان و قۆناغی بنەڕەتی لە ساڵی (٢٠١١)**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی بەشداربووان | ژمارەی دەرچووان | ڕێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 335 | 53 | 15.85 |
| ٢ | دهۆك | 127 | 21 | 16.53 |
| ٣ | گەرمیان | 26 | 7 | 26.92 |
| ٤ | سلێمانی | 492 | 117 | 23.78 |
| ٥ | خ. كوردی لە كەركوك | 56 | 10 | 17.85 |
| | كۆی گشتی | 1036 | 208 | 20.077 |

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندنی سەرپەرشتیاران بۆ قۆناغی ئامادەیی لە ساڵی (٢٠١١)**

| ژ | پارێزگا | ژمارەی بەشداربووان | ژمارەی دەرچووان | رێژەی دەرچوون |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەولێر | 0 | 0 | 0 |
| ٢ | دهۆك | 23 | 7 | 3.43 |
| ٣ | گەرمیان | 12 | 3 | 25 |
| ٤ | سلێمانی | 43 | 15 | 34.88 |
| ٥ | خ. کوردی لە کەرکوك | 10 | 6 | 60 |
| | کۆی گشتی | 88 | 31 | 35.22 |

**پرۆژەکانی دروست کردن و نۆژەن کردنەوەی قوتابخانە بینا پەروەردەییەکان:**

ژینگە فێرکارییەکان کاریگەریان هەیە لە دروست کردنی کەشێکی دەروونی لەبار و گونجاو بۆ گەشەی قوتابیان، هاندەرێکە بۆ داهێنانی فیکری و جەستەیی، وە بە بناغەی ئامادەکردنی نەوەیەکی هۆشیار و داهێنەر دادەنرێت بۆ گەشەی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی.

لەم روانگەیەوە بایەخ دان بە نەخشەسازی تەلاری قوتابخانەکان بەشێکی جیانەکراوە لە پرۆسەی پێشکەوتنی پەروەردە و فێرکردن، هەر بۆیە حکومەتی هەرێمی لە کابینەی شەشەم گرنگی زۆری بە دروست کردنی تەلاری نموونەیی بۆ قوتابخانەکان داوە، جگە لە بودجەی تەرخان کراوی ساڵانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵانە بری (١٥٠) ملیار دیناری تەرخان کردووە بۆ هەڵمەتی نیشتمانی دروست کردنی تەلاری نموونەیی قوتابخانەکان، ئەم خشتانە گرنگی کارەکانی وەزارەت پەروەردە بە دیار دەخات لە بواری دروست کردنی بینا پەروەردەییەکان:

ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٩) دەست بەکارەکانی کراوە لەگەڵ گوژمەی تەرخان کراو

| پارێزگا | ژمارەی پرۆژە | گوژمەی تەرخان کراو |
|---|---|---|
| دهوك | 0 | 0.000 |
| سلیمانی | 22 | 4,265,696,600.000 |
| هەولیر | 2 | 231,049,000.000 |
| گەرمیان | 1 | 362,965,000.000 |
| کۆی گشتی | 25 | 4,859,710,600,000 |

ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی (٢٠١٠) دەست بەکارەکانی کراوە لەگەڵ گوژمەی تەرخان کراو


| پارێزگا | ژمارەی پرۆژە | گوژمەی تەرخان کراو |
|---|---|---|
| دهوک | 26 | 39,932,569,409.000 |
| سلیمانی | 57 | 78,865,331,894.000 |
| هەولیر | 110 | 86,417,613,717.000 |
| گەرمیان | 5 | 13,326,093,250.000 |
| کۆی گشتی | 198 | 218,541,608,270.000 |

ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی (٢٠١١) دەست بەکارەکانی کراوە لەگەڵ گوژمەی تەرخان کراو

| پارێزگا | ژمارەی پرۆژە | گوژمەی تەرخان کراو |
|---|---|---|
| دهوک | 56 | 42,154,455,866.000 |
| سلیمانی | 49 | 31,343,221,172.000 |
| هەولیر | 51 | 38,224,556,210.000 |
| گەرمیان | 5 | 4,835,759,320.000 |
| کۆی گشتی | 161 | 116,557,992,568.000 |

ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی (٢٠١٢) دەست بەکارەکانی کراوە لەگەڵ گوژمەی تەرخان کراو

| پارێزگا | ژمارەی پرۆژە | گوژمەی تەرخان کراو |
|---|---|---|
| دهوک | 5 | 6,231,319,000.000 |
| سلیمانی | 22 | 1,862,997,930.000 |
| هەولیر | 23 | 21,992,834,500.000 |
| گەرمیان | 3 | 6,787,724,440.000 |
| کۆی گشتی | 53 | 36,874,875,870.000 |





وێنەی چەند قوتابخانەو خوێندنگەیەکی هاوچەرخ

**مۆڵەتی خوێندن بە مەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ( ماستەر – دكتوراه ) :**

بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایان و فەرمانبەران وەزارەتی پەروەردە بە پلانێكی داڕێژراو ساڵانە چەندین كەس مۆڵەتی خوێندنیان پێ دەدرێت بە مەبەستی بەدەست هێنانی بڕوانامەی باڵا (ماستەر – دكتورا) لە ناو هەرێم و عێراق و دەرەوەی عێراق، دیارە بوونی كەسانی خاوەن بڕوانامەی باڵا لە ناوەندەكانی خوێندن ڕاستەوخۆ كاریگەری دەبێت لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی خوێندن لە هەرێمی كوردستان، ئەم خشتانەی خوارەوە زانیاریەكانی ئەم پلانە داڕێژراون بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا:



كۆبوونەوەی وەزیری پەروەردە لەگەڵ چەند فەرمانبەر و مامۆستایەكی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا – ماستەر -دكتورا

**خشتەی پرۆسەی پێدانی مۆڵەت بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی ( ٢٠٠٩ )**

| ژ | شوێن | بڕوانامەی بكالۆریۆس | بڕوانامەی دبلۆمی باڵا | بڕوانامەی ماستەر | بڕوانامەی دكتورا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 0 | 0 | 0 | 1 |
| ٢ | سلێمانی | 9 | 0 | 10 | 1 |
| ٣ | دهۆك | 3 | 0 | 23 | 0 |
| ٤ | گەرمیان | 7 | 0 | 2 | 0 |
| ٥ | هەولێر | 27 | 0 | 39 | 0 |
| ٦ | خ. كوردی لە كەركوك | 1 | 0 | 2 | 0 |
| | كۆی گشتی | 47 | 0 | 76 | 2 |

**خشتەی پرۆسەی پێدانی مۆڵەت بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠١٠)**

| ژ | شوێن | بڕوانامەی بكالۆریۆس | بڕوانامەی دبلۆمی باڵا | بڕوانامەی ماستەر | بڕوانامەی دكتۆرا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 6 | 1 | 2 | 0 |
| ٢ | سلێمانی | 34 | 0 | 27 | 0 |
| ٣ | دهۆك | 32 | 0 | 18 | 3 |
| ٤ | گەرمیان | 4 | 0 | 21 | 0 |
| ٥ | هەولێر | 55 | 0 | 11 | 0 |
| ٦ | خ. كوردی لە كەركوك | 1 | 0 | 16 | 0 |
| | كۆی گشتی | 132 | 1 | 95 | 3 |

**خشتەی پرۆسەی پێدانی مۆڵەت بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠١١)**

| ژ | شوێن | بڕوانامەی بكالۆریۆس | بڕوانامەی دبلۆمی باڵا | بڕوانامەی ماستەر | بڕوانامەی دكتۆرا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 6 | 0 | 35 | 4 |
| ٢ | سلێمانی | 58 | 0 | 96 | 6 |
| ٣ | دهۆك | 10 | 4 | 102 | 4 |
| ٤ | گەرمیان | 12 | 0 | 51 | 2 |
| ٥ | هەولێر | 39 | 0 | 117 | 8 |
| ٦ | خ. كوردی لە كەركوك | 3 | 0 | 14 | 1 |
| | كۆی گشتی | 128 | 0 | 415 | 25 |

### خشتەی پرۆسەی پێدانی مۆڵەت بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠١٢)

| ژ | شوێن | بروانامەی بکالوریوس | بروانامەی دبلۆمی باڵا | بروانامەی ماستەر | بروانامەی دکتورا |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دیوانی وەزارەت | 1 | 0 | 7 | 1 |
| ٢ | سلێمانی | 18 | 0 | 23 | 2 |
| ٣ | دهۆک | 3 | 0 | 28 | 2 |
| ٤ | گەرمیان | 0 | 0 | 13 | 0 |
| ٥ | هەولێر | 13 | 0 | 27 | 0 |
| ٦ | خ. کوردی لە کەرکوک | 1 | 0 | 2 | 0 |
| | کۆی گشتی | 36 | 0 | 100 | 5 |

**تێبینی:**

١-ئاماری ساڵی (٢٠٠٩) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو مۆڵەتانەی لە (١-١١-٢٠٠٩) دراون.

٢- ئاماری ساڵی (٢٠١٢) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو مۆڵەتانەی تا (١-٣-٢٠١٢) دراون.

### خشتەی هەڵگرانی بروانامەی باڵا لە وەزارەتی پەروەردە

| | هەڵگرانی بروانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دبلۆمی باڵا | ماستەر | دکتۆرا | کۆی گشتی |
| هەولێر | 9 | 98 | 6 | 113 |
| سلێمانی | 0 | 69 | 2 | 71 |
| دهۆک | 5 | 56 | 3 | 64 |
| گەرمیان | 1 | 41 | 0 | 42 |
| کەرکوک | 1 | 28 | 0 | 29 |
| دیوانی وەزارەت | 0 | 6 | 1 | 7 |
| کۆی گشتی | 16 | 298 | 10 | 324 |

## دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژە:

لە پێناو دابینکردن میلاکی قوتابخانەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکان، ساڵانە وەزارەتی پەروەردە زۆربەی دەرچووەکانی پەیمانگاکانی مامۆستایان و کولێژەکان دادەمەزرێنێت، و چەندین مامۆستای تر لەبەر هۆیەکانی ئابووری و سیاسی لە پەروەردە دابڕابوون گەڕاونەتەوە بۆ پیشەی مامۆستایەتی، بەڵام بۆشاییەکان بە تەواوەتی پڕنەکرانەتەوە و ئێستاش قوتابخانە ئامادەیەکان پێویستیان بە مامۆستای پسپۆری زانستی هەیە، ئەم خشتانەی خوارەوە ژمارەی مامۆستا و فەرمانبەری دامەزراو و گەڕاوەو گواستنەوەی ڕاژە لە سەردەمی کابینەی شەش بە دیار دەخات.

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠٠٩)**

| ژ | بابەت | فەرمانبەر | مامۆستای بنەرەتی | مامۆستای ئامادەیی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراندن | 1655 | 39 | 27 | 1721 |
| ٢ | گەڕانەوە | 38 | 4 | 3 | 45 |
| ٣ | گواستنەوەی ڕاژە | 154 | 9 | 129 | 292 |
| کۆی گشتی | | 1847 | 52 | 159 | 2058 |

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠١٠)**

| ژ | بابەت | فەرمانبەر | مامۆستای بنەرەتی | مامۆستای ئامادەیی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراندن | 256 | 3128 | 2825 | 6209 |
| ٢ | گەڕانەوە | 64 | 105 | 14 | 183 |
| ٣ | گواستنەوەی ڕاژە | 397 | 140 | 409 | 946 |
| کۆی گشتی | | 717 | 3373 | 3248 | 7338 |

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠١١)**

| ژ | بابەت | فەرمانبەر | مامۆستای بنەڕەتی | مامۆستای ئامادەیی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراندن | 1476 | 1418 | 2459 | 5353 |
| ٢ | گەڕانەوە | 40 | 39 | 18 | 97 |
| ٣ | گواستنەوەی ڕاژە | 509 | 114 | 372 | 995 |
| | کۆی گشتی | 2025 | 1571 | 2849 | 6445 |

**خشتەی پرۆسەی دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژەی مامۆستایان و فەرمانبەران لە ساڵی (٢٠١٢)**

| ژ | بابەت | فەرمانبەر | مامۆستای بنەڕەتی | مامۆستای ئامادەیی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دامەزراندن | 782 | 322 | 300 | 1404 |
| ٢ | گەڕانەوە | 15 | 31 | 7 | 53 |
| ٣ | گواستنەوەی ڕاژە | 14 | 29 | 12 | 55 |
| | کۆی گشتی | 811 | 382 | 319 | 1512 |

**تێبینی:**

١-ئاماری ساڵی (٢٠٠٩) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژە لە (١-١١-٢٠٠٩) ئەنجام دراون.

٢- ئاماری ساڵی (٢٠١٢) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو دامەزراندن و گەڕانەوە و گواستنەوەی ڕاژە تا (١-٣-٢٠١٢) ئەنجام دراون.

## شاند و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات:

بە مەبەستی سوود وەرگرتن لە شارەزایی وڵاتانی جیهان و ڕێکخراو و دەزگا پەروەردەییە نێو دەوڵەتییەکان وەزارەتی پەروەردە ساڵانە چەندین فەرمانبەر و مامۆستا و سەرپەرشتیار ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بۆ ئەم مەبەستە هەروەك لە خشتەی خوارەوە دیاری کراوە:

**خشتەی ژمارەی ئەو شاند و سەفەرانەی کەوا لە سەردەمی کابینەی شەش ئەنجام دراون**

| ژ | ساڵی | ژمارەی بەشداربووان | وولات |
|---|---|---|---|
| 1 | 2010 | 2 | نەمسا |
| | | 21 | ئەلمانیا |
| | | 1 | ژاپۆن |
| | | 58 | ئوردون |
| | | 51 | تورکیا |
| | | 3 | کوریای باشوور |
| | | 7 | بەریتانیا |
| | | 48 | لوبنان |
| | | 2 | سوید |
| | | 1 | هیندستان |
| | | 5 | کویت |
| | | 5 | میسر |
| | | 1 | بلغاریا |
| | | 1 | ئەمریکا |
| | | 1 | ئیمارات |
| | | 8 | قەتەر |
| | کۆی گشتی | 215 | |
| 2 | 2011 | 1 | ئەمریکا |
| | | 26 | ئوردون |
| | | 5 | تورکیا |
| | | 16 | ئەلمانیا |
| | | 2 | ئیسپانیا |
| | | 1 | ئەفریقای باشوور |
| | | 17 | کوریای باشوور |
| | | 9 | لوبنان |
| | | 12 | قەتەر |
| | | 4 | ژاپۆن |
| | | 9 | بەریتانیا |
| | | 6 | چین |
| | | 4 | سویسرا |
| | | 18 | فرنسا |
| | | 2 | میسر |
| | کۆی گشتی | 132 | |
| 3 | 2012 | 8 | ئەمریکا |
| | | 2 | بەریتانیا |
| | | 1 | چین |
| | | 6 | ئوردون |
| | | 2 | فرنسا |
| | | 4 | لوبنان |
| | کۆی گشتی | 23 | |

**تێبینی:** ئاماری ساڵی (٢٠١٢) بریتیە تەنها لە ئاماری ئەو سەفەرانەی تا (٢٥-٣-٢٠١٢) ئەنجام دراون.

## خولی راهێنان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەكان و مەشق كردن / بەڕێوەبەرایەتی مەشق و راهێنان لە میانـەی درێـژە دان بۆ ئەنجام دانی كاروچالاكیەكان لـە كابینـەی شەشـەم بـۆ بەرەوپێشـبردنی چۆنایەتی خوێنـدن, پـەروەردە, فێركـردن, ئامـادەكردن و گەشـەپێدانی توانسـتی مامۆسـتایان و كارمەنـدان لـەڕووی زانسـتی, وانەوتنـەوە, كارگێڕی , تەكنۆلۆژیای سەردەم لە لە ماوەی ١-١١-٢٠٠٩ تـاكو ٣١-١٢-٢٠١١ ئـەم خولانـەی خـوارەوەی لەسەر ئاستی هەرێم ئەنجام داوە:

| ژ | ناو و جۆری خول | ژمارەی بەشداربوان | دەزگای جێبەجێكار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | خولی راهێنانی كۆمپیوتەر (پرۆگرامینگ, وێب و نێتۆركینگ) | ٤٢ | وەزارەتی پەروەردە.ب.گ پەیمانگەكان و مەشق | بۆ ماوەی ٢ مانگ لە پەیمانگەی كۆمپیوتەری سلێمانی ئەنجامدرا |
| ٢ | خولی راهینانی راهینەرانی پیشەیی بەشی ئۆتۆمۆبیل | ١٢ مامۆستا | ئینوینتی ئەلمانی | بۆ ماوەی یەك مانگ لە ئەلمانیا ئەنجامدرا |
| ٣ | خولی پاك و خاوینی و ژینگەی قوتابخانە | ٢٢ مامۆستاو بەریوەبەر | ریكخراوی یونیسیف | لە هەولیر ئەنجامدرا |
| ٤ | خولی خویندنی خیرا | ٣٢ مامۆستا | ریكخراوی یونیسسیف | لە هەولیر ئەنجامدرا |
| ٥ | ۆركشۆپی پەروەردەی مەدەنی | ٢٠ مامۆستاو سەرپەرشتیار | پەیمانگەی ئاشتی ئەمەریكی | لە هەولیر ئەنجامدرا |
| ٦ | خولی راهینان و بەریوەبردن و سەركردایەتی كردن | ٣٤ مامۆستاو سەرپەرشتیارو بەریوەبەر | ئەنجومەنی راویژكاری بەریتانی | لە هەولیر ئەنجامدرا |
| ٧ | خولی راهینانی راهینەرانی پیشەیی بەشی كشتوكال | ٨ مامۆستا | ئینوینتی ئەلمانی | بۆ ماوەی یەك مانگ لە ئەلمانیا ئەنجامدرا |
| ٨ | خولی راهینانی راهینەرانی پیشەیی بەشی كارەبا | ١٢ مامۆستا | ئینوینتی ئەلمانی | بۆ ماوەی سێ مانگ لە ئەلمانیا ئەنجامدرا |
| ٩ | خولی راهینانی راهینەرانی پیشەیی بەشی بەرێوەبردنی پیشەیی | ١٢ مامۆستا | ئینوینتی ئەلمانی | بۆ ماوەی یەك مانگ لە ئەلمانیا ئەنجامدرا |
| ١٠ | خولی زمانی ئینگلیزی بۆ سەرپەرشتیارانی قۆناغی ئامادەیی | ٢٤ سەرپەرشتیار | ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی | بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هەولێر ئەنجام درا |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١١ | خولی زمانی ئینگلیزی بۆ سەرپەرشتیارانی قۆناغی بنەرەتی | ١٧ سەرپەرشتیار | ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی | بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هەولێر ئەنجام درا |
| ١٢ | ۆرك شۆپی سەركردایەتی كردن و بەرێوەبردن بۆ راوێژكاران و بەرێوەبەرە گشتیەكان | ٢٣ راوێژكار و بەرێوەبەری گشتی | گلۆبەل هۆپی ئەمریكی / قۆناغی یەكەم | بۆ ماوەی دوو رۆژ لە هەولێر ئەنجام درا |
| ١٣ | دانانی ستراتیژێك بۆ بنبركردنی توند و تیژی لە قوتابخانەكانبۆ رابەرانی پەروەردەیی | ١٩ رابەری پەروەردەیی | وەزارەتی پەروەردە | بۆ ماوەی ٤ رۆژ لە هەولێر / ب گ پەمانگەكان و مەشق ئەنجام درا |
| ١٤ | ۆرك شۆپی سەركردایەتی كردن و بەرێوەبردن بۆ راوێژكاران و بەرێوەبەرە گشتیەكان | ٢٣ راوێژكار و بەرێوەبەری گشتی | گلۆبەل هۆپی ئەمریكی / قۆناغی دووەم | بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە هەولێر / ب گ پەمانگەكان و مەشق ئەنجام درا |
| ١٥ | خولی پیشەیی بۆ بەشەكانی (سیرامیكی سارد , سیرامیكی گەرم ,گول ,كانزاكان , دارتاشی) بۆ مامۆستایانی پیشەیی | ١٠٠ مامۆستایی پیشەیی | وەزارەتی پەروەردە | بۆ ماوەی ١٠ رۆژ لە هەولێر ئەنجام درا |
| ١٦ | خولی زمانی عەرەبی پۆلی چواری بنەرەتی بۆ سەرپەرشتیار و مامۆستای عەرەبی | ٨٠ سەرپەرشتیار و مامۆستا | كۆمپانیای جیۆپرۆجێكس | بۆ ماوەی ٥ رۆژ لە هەولێر / ب گ پەمانگەكان و مەشق ئەنجام درا |
| ١٧ | خولی خوێندنی خێرا بۆ سەرپەرشتیار و مامۆستایانی خوێندنی خێرا | ٢٥ سەرپەرشتیار و مامۆستا | رێكخراوی یونسێف | بۆ ماوەی٩ رۆژ لە هەولێر / ب گ پەمانگەكان و مەشق ئەنجام درا |
| ١٨ | خولی راهێنانی بالا بۆ سەرپەرشتیار و بەرێوەبەر و مامۆستا | ٢٧ سەرپەرشتیار و بەرێوەبەر و مامۆستا | ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی | بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە هەولێر / هوتیل مۆناكۆ ئەنجام درا |
| ١٩ | ۆرك شۆپی لێژنەی پێوەرەكان بۆ ئەندامانی لێژنەی پێوەرەكان (پرۆژەی بریتش كاونسل) | ٧ ئەندامی لێژنەی پێوەرەكان | ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی | بۆ ماوەی ٤ رۆژ لە هەولێر / هۆتێل مۆناكۆ ئەنجام درا |
| ٢٠ | ۆرك شۆپی لێژنەی هەلسەنگاندن و چاودێری كردن بۆ ئەندامانی لێژنەی هەلسەنگاندن (پرۆژەی بریتش كاونسل) | ٤ ئەندامی لێژنەی هەلسەنگاندن | ئەنجومەنی رۆشنبیری بەریتانی | بۆ ماوەی ٤ رۆژ لە هەولێر / هۆتێل مۆناكۆ ئەنجام درا |

٢- هەر دیسان و لە تەواوکەری ئەم پرۆژە نێودەوڵەتیە پڕبایەخەوە بۆ یەکەم جار لە ئاست عێراق سەنتەری نیشتیمانی بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن (المركز الوطني للمناهج العراقية ) لە ماوەیەکی نزیك دێتە جێبەجێکردن کە سەنتەری سەرەکی لە بەغدا دەبێت و لقی یەکەمی پێشکەوتووی لە کوردستان دەبێت کە لە ڕێگەی ئەم سەنتەرەوە دەیان کادیری پێشکەوتوو لە هەردوو وەزارەت لە کەسانی شارەزا و پڕ ئەزموون و هەڵگرانی بڕوانامەی بەرز لە بواری پرۆگرامەکان ئەندامێتی دەکەن کە پلەکەی خۆی لە دەستەی نیشتیمانی لە بەرەو پێشبردنی پرۆگرامەکانی عیراق و هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە ڕووناکی بە خۆوە دەبینێت.

٣- وە لەمیانی ئەم پرۆژە پەروەردەییە گرنگە کە گوژمەی تێچوو و خەرجیەکانی جێبەجێکردنی لە ئەستۆی خانمی یەکەمی وڵاتی قەتەرە، بەرنامەی بەرەوپێشبردنی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕاهێنانی مامۆستایان و کادیرانی پەروەردەیی دەبێتە ئەرکێکی سەرەکی تری تەواوکەر بۆ ئەم پرۆسەیە.

٤- بۆ یەکەمجار لە عێراق و دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق لە ٢٠٠٣ وە بەهاوکاری و هەماهەنگی ڕێکخراوی (UNDP) و بەشداریکردنی چالاکانەی نوێنەرانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرۆژەی دەوڵەمەندکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن بە بابەتی (إدخال مفاهيم النزاهة و مكافحة الفساد في المناهج الدراسية)و دانانی ڕێبەرێکی تایبەت و کاغەزی کار بۆ ئەم بابەتانە لە نێو پرۆگرامەکانی خوێندن کە لە ڕۆژانی ٢٥ ی کانونی دووەم تا ٤ی مانگی شوبات خولی ڕاهێنان بۆ ٢٥ سەرپەرشتیار و مامۆستای بنەڕەتی وە هەروەها ٢٥ سەرپەرشتیار و مامۆستای ئامادەیی بە سەرپەرشتی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان و پەیمانگاکان و مەشقکردن هاتە ئەنجامدان. بەئومێدی ئەوەی ئەم سەرپەرشتیار و مامۆستا ڕاهێنراوانە سەرجەم مامۆستایانی تر لە سەر ئەم بابەتە گرنگە مەشق پێبکەن.

٥- چاپکردنی نامیلکەو کتێبی بەرنامەی فێرکاریە سەربارییەکان بەسەرپەرشتی و تێچووی خەرجی لە لایەن ڕێکخراوی یونیسیف و ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان بۆ مامۆستایانی قوتابخانەکانی پەروەردەی قەڵادزێ کە بە هۆی تۆپبارانکردنی ناوچەکە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە ماڵ و شوێنی خۆیان جێهێشتبوو هەروەها بۆ مامۆستایانی قوتابخانەی هاموون لە کۆیە و شلاما واتە ئاشتی لە هەولێر عەنکاوە کە زۆربەی ئەو قوتابیانەن لە بەر خراپی بارودۆخی ناوچەکانی تری عێراق ماڵ و شوێنی خۆیان جێهێشتووە بۆ ئەوەی ساڵی خوێندنیان بە فیڕۆ نەچێت کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر باش و دەستخۆشکەرانەی لێکەوتەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە و بە تایبەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان. ئەو بابەتانەی کە کتێبی تایبەتی بۆ ئامادەو چاپکرابوو (زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و بیرکاری و زانستەکان) بوو کە لیژنەیەك لە ب.گ. پرۆگرامەکان لە وەزارەتی پەروەدەی حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرامەکان بۆ عیراق و کوردستان هاتبوە دانان و ئامادەکردن.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣٠ | سیمینارێك بۆ مامۆستایان سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو لە کێشەی (مەی خواردنەوە، مادەهۆشبەرەکان،تێکەلاوی هەردوو رەگەز) | ٥٠ بەرێوەبەر و مامۆستای پارێزگای دهۆك | رێکخراوی ژیانی خۆشەویستی | بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە دهۆك ئەنجام درا |
| ٣١ | سیمینارێك بۆ مامۆستایان سەبارەت بە دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو لە کێشەی (مەی خواردنەوە، مادەهۆشبەرەکان، تێکەلاوی هەردوو رەگەز) | ٥٠ بەرێوەبەر و مامۆستای ئیدارەی گەرمیان | رێکخراوی ژیانی خۆشەویستی | بۆ ماوەی ٣ رۆژ لە کەلار ئەنجام درا |

## خوێندنی پیشەیی:

سەرەرای گرنگی دان بە ئامادەییە پیشەییەکان لە لایەن وەزارەتی پەروەردە لەسەردەمی کابینەکانی پێشووتر بەلام لە ئاست پێویستی خواستی هەرێمی کوردستان هەروەك لەم ئامارە بۆمان دەردەکەوێت ،

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( پیشەییەکان/قوتابیان-خوێندکاران/مامۆستایان ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان


بۆسالی خوێندنی ١٩٩٠-١٩٩١

| قۆناغی خوێندن | قۆناغی خوێندن | کۆی گشتی: ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران: کوڕان | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران: کچان | ژمارەی مامۆستایان: نێر | ژمارەی مامۆستایان: مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیەکان | پیشەیەکان | 37 | 7077 | 2270 | 634 | 408 |
| | | | 9347 | | 1042 | |

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( پیشەییەکان/قوتابیان-خوێندکاران/مامۆستایان ) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

بۆسالی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢

| قۆناغی خوێندن | قۆناغی خوێندن | کۆی گشتی: ژمارەی قوتابخانەکان-خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران: کوڕان | ژمارەی قوتابیان-خوێندکاران: کچان | ژمارەی مامۆستایان: نێر | ژمارەی مامۆستایان: مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیەکان | پیشەیەکان | 32 | 5149 | 3518 | 763 | 617 |
| | | | 8667 | | 1380 | |



لە سۆنگەی ئەم ئامارەوە وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی دارشتوە بۆ بەرەو پێش بردنی ئامادەییە پیشەییەکان ئەویش بە:

١ـ کەوتنە بواری جێ بەجێ کردنی سێ کۆمەڵگەی پیشەیی لە هەولێر/ سلێمانی / دهۆك.

٢ـ کردنەوەی دوو ئامادەیی بازرگانی ئێواران بۆ (کچان و کوران ) لە هەولێر.

٣ـ تەرخان کردنی ڕێژەی ٧٪ پرۆژەی توانسازی تایبەت بە ناردنە دەرەوەی مامۆستایان بۆ دەرەوەی وولات بۆ ئامادەییە پیشەییەکان .

٤ـ بەشداری کردنی (١٠) مامۆستای پسپۆری پیشەیی ئۆتۆمبێل لەخولی پێشکەوتوو بۆ ماوەی دوو مانگ لە وڵاتی ئەلمانیا .لەرێگای هەلسەنگاندن مامۆستایە کان دەست نیشان کران بۆ بەشداری کردن لە خولەکە .


٥ـ ئەنجام دانی (٣٧) خولی ڕاهێنان بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی بیانیەکان و وەزارەتی خوێندنی باڵا و بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگاکان کە زیاتر لە (٦٠٠) سەرپەرشتیار و بەرێوەبەر و مامۆستای پسپۆری پیشەیی بەشداریان تێدا کرد .

٦ـ بەهەماهەنگی بەریوەبەرایەتی گشتی پرۆگرامەکان پرۆگرامی پسپۆری (چاککردنەوەی کۆمپیوتەر /هەواسازی /نەخش ودورمان /بەرهەمی روەکی /بەرهەمی ئاژەڵ /ئامێرەکشتوکالیەکان ) تەواوکران .

**خوێندنی ئێواران لە بازنەی بایەخی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دایە :**

بەهۆی بەرەوپێشچوونی ڕەوشی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی هەرێمی کوردستان زۆرێك لەو کەسانەی کە لەسەردەمەکانی پێشوو بەهۆی ڕەوشی نائارام و شلۆقی عێراق وازیان لە خوێندن هێنابوو، وا ئێستا بەپەرۆشەوە دەگەڕێنەوە بەر خوێندن ئەمەش جێگەی دڵخۆشییەو نیشانەی بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستانە لەهەموو ڕوویێکەوە.

شایانی باسە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی سیستمی خوێندن و دروشمی خوێندن بۆ هەمووان بایەخێکی بەرچاو بە پەرەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەیی قوتابخانەکانی ئێواران دەدات.



## چالاکیەکانی وەزیری پەروەردە:

لەدوای دەست بەکاربوونی وەکو وەزیر بەرێز (سفین محسن دزەیی) لە نزیکەوە ئاگاداری ناوەندەکانی خوێندن و دەزگا پەروەردەییەکان بووە،بۆیە لەو ماوەی وەکو وەزیر پەروەردە (٣٥٨) سەردانی ناوەندەکانی خوێندن و دەزگا پەروەردەییەکانی کردووە لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان، وە هەروەها چەندین سەردانی بۆ دەرەوەی وولات ئەنجام داوە بە مەبەستی بەشداركردنی لە کۆبوونەوە پەروەردەییە و نێو دەولەتیەکان، لەگەل چەندین چالاکی تر وە ئەمانە چەند نموونەیەك لەم چالاکیانە:

١-لەسەر داوەتی رەسمی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، حەسەن مونەیمنە وەزیری پەروەردەو فێرکردنی بالأی کۆماری لوبنان لە رێکەوتی ١٦-٥- ٢٠١٠ سەردانی هەرێمی کوردستان کرد، لەم سەردانەدا هەردوو وەزیری پەروەردەی هەرێمی کوردستان و کۆماری لوبنانی چەند پرۆتۆکۆلێکی هاوبەشیان واژوو کرد بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆلییەکانی نێوانیان، لەبوارەکانی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و توانای مرۆیی مامۆستاو پەروەردەکاران و شێوازەکانی وانەوتنەوەو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هاوچەرخ لە پەروەردەدا.



٢- لە رێکەوتی ٢٠١٠/٦/٥ بەرێز سەفین موحسین دزەیی وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەردانی وەزارەتی پەروەردەی کۆماری تورکیای کردو لەلایەن (نیعمەت تۆبۆکتۆ)ی وەزیری پەروەردەی ئەو ولأتەو، گەورە بەرپرسانی کەرتی پەروەردەیی کۆماری تورکیاوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا. لەدانیشتنێکدا باس لەبەرەوپێشچوونی رەوشی پەروەردەو خوێندن لە هەرێمی کوردستانی عێراق و، گرنگی هەماهەنگی نێوان هەردوولا کرا، سەرجەم بوارەکانی پەروەردەو فێرکردندا. لەلایەن خۆیەوە نیعمەت تۆبۆکتۆ، ئامادەیی وەزارەتی پەروەردەی کۆماری تورکیای نیشاندا بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لەگەلّ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- لەرێکەوتی ٢٠١٠ سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەو کارل هێنریك ئاسارگارد کونسولی گشتی سوید لەهەرێمی کوردستان و خاتوو کاترینا کۆرپ رێکخراوی تۆرنسێگلارنا Tornseglarna (پەرەسێلکە)ی سویدی و ئەرسەلان هەورامی ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری رێکخراوەکە، گرێبەستێك لەنێوان وەزارەتی

پەروەردەی هەرێم و رێكخراوی ناوبراو وازۆكرا بۆ كردنەوەی قوتابخانەیەكی پیشەیی میللی لەپارێزگای سلێمانی.ئەم خوێندنگەیە تایبەت دەبێت بەو قوتابی و خوێندكارانەی كە لەخوێندن دابڕاون و تەمەنیان لە نێوان ١٨ تا ٣٠ساڵی دایەو بەنیازن درێژە بەخوێندن بدەن.. خوێندنیش لەم قوتابخانە پیشەییە میللیە بە زمانی كوردی و ئینگلیزی دەبێت هەروەها ئەم قوتابخانەیە وێرای بوارە پیشەییەكان، گرنگی بەبواری كلتوورو بوارەكانی هونەرو رۆشنبیریی گشتی دەدات.



٤-لە رێكەوتی ٢٠١٠/٨/٢٤ بەڕێز سەفین موحسین دزەیی وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان و تاڵیب بۆیۆك بەڕێوەبەری گشتی كۆمپانیای فەزاڵار بۆ پەروەردەو فێركردن، گرێبەستێكی دوو لایەنەیان بۆ كردنەوەی كۆلیژێكی پەروەردەیی لە هەلەبجە وازۆكرد كە هەردوو قۆناغی بنەڕەتی و ئامادەیی دەگرێتەوەو بەگوێرەی ئەم گرێبەستە كولیژێكی پەروەردەیی بەستانداردی كۆمپانیای فەزاڵەر لە هەڵەبجە دەكرێتەوە بۆ بەرژەوەندی رۆڵەكانی خەڵكی هەڵەبجەی شەهید، كە لەلایەن كۆمپانیای فەزالار بەستاندارێكی جیهانیی بەرز بەڕێوەدەچێت و خوێندنیش تیایدا بەخۆڕایی دەبێت، وەكو وەفایەك بۆ خەڵكی بەشمەینەتی هەڵەبجەی شەهید...




٥- رێكەوتی ٢٠١٠/٩/١٥ سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان گرێبەستێكی لەگەڵ نیهاد لەتیف قۆجە سەرۆكی كۆمەڵەی قوتابخانەكانی ئەڵمانیا لە هەولێر واژۆكرد بۆ كردنەوەی قوتابخانەیەكی بنەڕەتی لەسەر ستانداردی ئەڵمانی لە هەولێر.

بۆ ئەوەی ببێتە پردێك بۆ بەیەك بەستنەوەی هەردوو كلتووری كوردستانی و ئەڵمانی، وە گرنگی و بایەخی ئەم قوتابخانەیە لەوەدایە كە یەكەمین قوتابخانەی تایبەتییە لە هەرێمی كوردستان كە لەلایەن حكومەتی ئەڵمانیاوە پاڵپشتی لێدەكرێت و بایەخێكی زۆریشی دەبێت بۆ رۆڵەی ئەو كوردانەی كە لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێنەوە هەرێمی كوردستان.



٦- سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی هەرێمی كوردستان و چۆی هێنگ یوول بەڕێوەبەری نووسینگەی هەرێمی كوردستانی ئاژانسی كۆیكای كۆری پرۆتۆكۆلێكی هاوبەشیان واژۆكرد بۆ دروستكردنی دوو قوتابخانەی هاوچەرخی لە شارۆچكەی كەسنەزان و سنتەری پارێزگای سلێمانی. بە بڕی زیاتر لە (٥) ملیون دۆلار بنیاددەنرێن.



٧- لە رێكەوتی٢٠١٠/١٢/١٤ خاتوو نیعمەت چۆبوكچۆ سەردانی هەرێمی كوردستانی كرد، بەیاوەری وەزیری پەروەردەی هەرێم، هەردوو قوتابخانەی قەرەقۆینلۆو مهابادی بنەڕەتی لەگەڕەكی راپەڕینی شاری هەولێر بەسەركردەوەو، لەنزیكەوە بە پرۆسەی خوێندن لەو دوو قوتابخانەیە ئاشنابوو. وەزیری پەروەردەی كۆماری توركیا خۆشحاڵی خۆی لەبەرەوپێشچوونی رەوشی هەرێمی كوردستان و بەتایبەتیش لە بواری پەروەردەو فێركردندا، دەربڕی و ئامادەیی توركیای بۆ سەرخستنی ئەزموونی پەروەردەیی هەرێم دووپاتكردەوە.



٨-لە مانگى ١١ى ساڵى ٢٠٠٩ سەفین دزەیی سەردانى بروكسل و پارلمانى ئەورووپى كرد بە یاوەرى بەرێز سەرۆكى هەرێمى كوردستان.


٩-لە مانگى ١ى ساڵى ٢٠١٠ و ٢٠١٢ بەرێز سەفین دزەیی بەشدارى لە كۆنفراسى پەروەردەیی لە لندن Education World Forum كرد.

١٠-لە مانگى ٤ بەرێز سەفین دزەیی وەزیرى پەروەردە سەردانى سعودیە و لوبنان كردى بە یاوەرى سەرۆكى هەرێم، دیدارێكى لەگەڵ وەزیرى پەروەردەى لوبنان ئەنجامدا.

١١-لە مانگى ٦ ساڵى ٢٠١٠ بەرێز سەفین دزەیی وەزیرى پەروەردە سەردانى توركیاى كرد بە یاوەرى سەرۆكى هەرێم دیدارێكى لەگەڵ وەزیرى پەروەردەى توركیا ئەنجامدا.

١٢-لە مانگى٣ى ساڵى ٢٠١١ وەزیرى پەروەردە بەشدارى لە كونفراسێكى پەروەردەیی رێكخراوى یونسكو كرد لە وولاتى قەتەر.

١٣-لە مانگى ١٠ى ساڵى ٢٠١١ وەزیرى پەروەردە بەشدارى لە كونفراسێكى پەروەردەیی رێكخراوى یونسكو كرد لە پاریس.




١٤- لە مانگی ١٢ی ساڵی ٢٠١١ وەزیری پەروەردە بەشداری لە کوبوونەوەیەکی پەروەردەیی رێکخراوی یونسکو کرد لە جنیڤ بەمەبەستی پێداچوونەوەی پرۆژەی دارشتنی ستراتیژیەتی پەروەردەیی لە عێراق و هەرێمی کوردستان.

# چالاكیە وەرزشی و هونەریەكان:

## چالاكییە وەرزشییەكان:

١- پاڵەوانێتی یاری تۆپی باسكەی كوڕان و باڵەی كچان ساڵی ٢٠١١ بۆ هەڵبژاردەی پەروەردە گشتییەكان لەشاری سلێمانی ئەنجامدرا.

٢- پاڵەوانێتی یاری تۆپی سەرمێزی كوڕان و كچان (تاك و تیپ) لەماوەی ٢٥- ٢٨/١٠/٢٠١١ لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا.

٣- پاڵەوانێتی یاری تۆپی باڵە و تۆپی پێ ی كوڕان بۆ هەڵبژاردەی پەروەردە گشتییەكان لە ماوەی ٢٥/١١- ١ / ١٢ / ٢٠١١ لە شاری هەولێر ئەنجامدرا.

٤- پاڵەوانێتی یاری تۆپی باسكە و فوتساڵی كچان بۆ هەڵبژاردەی پەروەردە گشتییەكان گشتییەكان لە ماوەی ١٨ –٢٢ / ٢ / ٢٠١٢ لە شاری دهۆك ئەنجامدرا .

٥- پاڵەوانێتی یاری تۆپی فوتساڵی جامی كۆكا كۆلا بۆ پەروەردە گشتییەكانی هەرێم بە هاوكاری كۆمپانیای كۆكا كۆلاَ لە ساڵی ٢٠١١ ئەنجامدرا.

٦- دووەمین پاڵەوانێتی یاری تۆپی فوتساڵی جامی كۆكا كۆلا بۆ پەروەردە گشتییەكانی هەرێم بە هاوكاری كۆمپانیای كۆكا كۆلاَ لە ساڵی ٢٠١٢ تا ئێستا بەردەوامە .

٧- لە ماراسۆنی هەولێری نێودەوڵەتی لە هاوینی ساڵی (٢٠١١ )دا، نزیكەی ١٠٠٠ قوتابی وەرزشكار بەشدار بوون .



## چالاكیە هونەریەكان:

١ـ ڕۆژی چەسپاندنی مافەكانی منداڵانە لەسەرجەم قوتابخانەكانی پەروەردەگشتیەكانی هەرێمی كوردستان.

٢ـ پێشانگای پۆستەری هونەری مامۆستا یان

٣ـ پێشانگای شێوەكاری قوتابخانە بنەڕەتیەكان

٤ـ نەخشاندنی دیواری دەرەوەی قوتابخانەكان بەشێوەیەكی جوان وڕێك و پێك وێنەی پەروەردەیی بەپێی توانا كاری بۆ بكەن بڕازاندرێتەوە.



**چالاکی دیدەوانی :**

خێوەتگای دیدەوان و رابەران بۆ گشت پەروەردەکانی هەرێم لە ساڵی ٢٠١٠ لە شاری هەولێر ئەنجامدرا.

**کارو چالاکییەکانی یەکەی ژینگە و تەندروستی:**

١ـ ئەنجامدانی پێشبرکێی زانستی وپەروەردەیی بۆ پەروەردەگشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە رێکەوتی ١٥ –١٦ /٤ /٢٠١٠

٢ـ هەڵمەتی پاکردنەوەی چەند گەرکێکی شاری هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی لە رێکەوتی ٢ /٥ /٢٠١٠,

٣ـ هەڵمەتی نەمام چاندن لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ لە رێکەوتی ٧ /١١ /٢٠١٠ .

٤ـ کردنەوەی ( یانەی ژینگە) لەگەڵ دەستەی پاراستنی ژینگە لە رێکەوتی ٢٣ /١١ /٢٠١١,

٥ـ هەڵمەتی نەمام چاندن لە هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کوشتوکاڵ و لە رێکەوتی ٢١ /١١ /٢٠١١.

**ناوچە ئازاد کراوەکان**

یەکێکی تر لەو کارە گرنگانەی کەوا وەزارەتی پەروەردە لە کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی ئەنجام داوە، گرنگی دان بووە بە ناوچە ئازاد کراوەکان لە بواری پەروەردە هەرچەندە ئەو گرنگی دانە لە ئاستی خواستی وەزارەت و خەلکانی ئەو دەڤەرە نەبووە، هۆکارەکەشی بۆ هۆکاری سیاسی دەگەرێتەوە لەگەل حکومەتی فیدرال لە بەغدا،ئەو ئامارانەی خوارەوە راستی ئەو گرنگی دانە دەسەلمێنی:

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی (قوتابخانەکان- خوێندنگاکان /قوتابیان- خوێنکاران/مامۆستایان) لە ناوچە ئازاد کراوەکان

بۆسالی خوێندنی ٢٠٠٨–٢٠٠٩

| | ژمارەی قوتابخانەکان- خوێندنگاکان | ژمارەی قوتابیان -خوێنکاران | | ژمارەی مامۆستایان | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | کوران | کچان | نێر | مێ |
| مخمور | 94 | 4896 | 3687 | 396 | 298 |
| | | 8583 | | 694 | |
| خانەقین | 64 | 4213 | 3890 | 1423 | 1289 |
| | | 8103 | | 2712 | |
| کرکوك | 383 | 36585 | 34368 | 1874 | 2798 |
| | | 70953 | | 4672 | |
| زمار | 57 | 3950 | 2811 | 462 | 24 |
| | | 6761 | | 486 | |
| تلکیف | 33 | 5832 | 4916 | 588 | 228 |
| | | 10748 | | 816 | |
| شنگال | 173 | 13799 | 12148 | 1118 | 87 |
| | | 25947 | | 1205 | |
| کۆی گشتی | 804 | 69275 | 61820 | 5861 | 4724 |
| | | 131095 | | 10585 | |

پوختەی زانیاری ئاماری بە ژمارەی ( قوتابخانەكان- خوێندنگاكان/قوتابیان- خوێندكاران/مامۆستایان ) لە ناوچە ئازاد كراوەكان

بۆسالی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢

| | ژمارەی قوتابخانەكان- خوێندنگاكان | ژمارەی قوتابیان- خوێندكاران | | | ژمارەی مامۆستایان | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | كوڕان | كچان | | نێر | مێ | |
| مخمور | 107 | 4661 | 4137 | 8798 | 417 | 338 | 755 |
| خانەقین | 71 | 4609 | 4344 | 8953 | 1526 | 1481 | 3007 |
| كركوك | 552 | 39105 | 37396 | 76501 | 2024 | 3273 | 5297 |
| زمار | 58 | 4809 | 3266 | 8075 | 364 | 21 | 385 |
| تلكیف | 47 | 6221 | 5343 | 11564 | 583 | 240 | 823 |
| شنگال | 163 | 16003 | 13477 | 29480 | 1024 | 78 | 1102 |
| كۆی گشتی | 998 | 75408 | 67963 | 143371 | 5938 | 5431 | 11369 |

## پێكهاتەكانی تری هەرێمی كوردستان:

پەروەردە پێگەیەكی گرنگی هەیە لە بوژانەوەو پەرەپێدانی كۆمەڵگەو هۆشیاركردنەوەی تاكەكانی كۆمەڵ بە ماف و ئەركەكانیان و، پەروەردە ماف هەموو نەتەوەو تاكێكە لە كۆمەڵدا، بۆیە وەزارەتی پەروەردە دووپاتی لەوە دەكاتەوە كەوا بایەخێكی تەواو بە مافی نەتەوەو ئایین و ئایینزا جیاوازەكان بدرێت لە روانگەی جاڕنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤدا، وەزارەتی پەروەردەش لەم سۆنگەیەوە بایەخ بە پەروەردەو فێركردنی پێكهاتەكانی تر وەكو توركمان و كلدانی و ئاشووری و سریانی و ئەرمەنی و عەرەب داوە لەسەرتاسەری هەرێمی كوردستاندا نەتەوە جیاوازەكان بە زمانی دایكیان دەخوێنن و وەزارەتی پەروەردەش گشت پێداویستییەكی بۆ دەستەبەركردوون و بەپێی پێویست مامۆستای بۆ دامەزراندوون، و هۆیەكانی گواستنەوەی بۆ قوتابیان قوتابخانە توركمانی و سریانیەكان دابین كردووە، بەمەبەستی بەرەو پێش چوون قوتابخانەكانی پێكهاتەكانی تری هەرێمی كوردستان ، هەروەك لەم خشتانە دیاری كراوە ، وەكو نموونە:

پوختەی زانیاری ئاماری قوتابخانە تورکمانیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

بۆسالی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩

| قۆناغی خوێندن | هەرێمی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی بینا | ژمارەی قوتابی | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 2 | 205 | 180 | 0 | 26 |
| | | 385 | | 26 | |
| بنەرەتی | 11 | 627 | 285 | 49 | 122 |
| | | 912 | | 171 | |
| ئامادەیی | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | | 0 | | 0 | |
| کۆی گشتی | 13 | 832 | 465 | 49 | 148 |
| | | 1297 | | 197 | |

پوختەی زانیاری ئاماری قوتابخانە تورکمانیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان

بۆسالی خوێندنی ٢٠١١-٢٠١٢

| قۆناغی خوێندن | هەرێمی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی بینا | ژمارەی قوتابی | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 3 | 200 | 181 | 0 | 60 |
| | | 381 | | 60 | |
| بنەرەتی | 11 | 739 | 516 | 56 | 137 |
| | | 1255 | | 193 | |
| ئامادەیی | 3 | 169 | 115 | 23 | 30 |
| | | 284 | | 53 | |
| کۆی گشتی | 17 | 1108 | 812 | 79 | 227 |
| | | 1920 | | 306 | |

**پوختەی زانیاری ئاماری قوتابخانە سریانیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

**بۆسالی خوێندنی ٢٠٠٨-٢٠٠٩**

| قۆناغی خوێندن | هەرێمی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی بینا | ژمارەی قوتابی | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 |
| | | 0 | | 0 | |
| بنەڕەتی | 17 | 2945 | 2801 | 234 | 623 |
| | | 5746 | | 857 | |
| ئامادەیی | 7 | 551 | 615 | 93 | 159 |
| | | 1166 | | 252 | |
| کۆی گشتی | 24 | 3496 | 3416 | 327 | 782 |
| | | 6912 | | 1109 | |

**پوختەی زانیاری ئاماری قوتابخانە سریانیەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان**

**بۆسالی خوێندنی ٢٠١١- ٢٠١٢**


| قۆناغی خوێندن | هەرێمی کوردستان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی بینا | ژمارەی قوتابی | | ژمارەی مامۆستایان | |
| | | نێر | مێ | نێر | مێ |
| باخچەی ساوایان | 0 | 200 | 181 | 0 | 60 |
| | | 381 | | 60 | |
| بنەڕەتی | 16 | 4283 | 3968 | 274 | 693 |
| | | 8251 | | 967 | |
| ئامادەیی | 7 | 1418 | 1339 | 105 | 165 |
| | | 2757 | | 270 | |
| کۆی گشتی | 23 | 5901 | 5488 | 379 | 918 |
| | | 11389 | | 1297 | |




کەرنەڤالی شەشەمی قوتابخانە سریانییەکان ٢٠١١

# بەرەو ئایندەیەکی گەش

پەروەردە و فێرکردن





Ministry of Education
Kurdistan Regional Government - Iraq
Erbil
www.moe- krg.com

شەهاب
2012